Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە


**م.ی.علی عبدلرحمن خدر**

aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

**پ. ی. م. مەهدی عثمان حسین**

aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

**بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە**



## پوختە:

م توێژینەوەیە دەستنیشانی هەل و مەرجەکانی ڕەهەندە مێژووییەکان ئەکات لە تایبەتمەندکردنی ئەو رەگەزانەدا کە شارستانێتییەکان لە یەکتری جیا ئەکاتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە هۆکاری گرنگی بابەتیی کە ڕەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی لە ڕوانگەیەکی زانستییانەوە شەنوکەو ئەکرێت، بە تایبەتی وەک خواستێکی هەنووکەیی بۆ ئاگاداربوون لە چۆنییەتی سەرهەڵدانی چەمکەکە و ڕەگەزەکانی ، لەم سۆنگەوە لە تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکەدا سەرەتا بۆ گەیشتن بە واتاو مەبەستی چەمکی شارستانییەت، شیکردنەوە بۆ واتای چەمکەکە کراوە بە پێی بەکارهێنانەکانی لە ڕێگەی فەرهەنگەکانی زمان وبە پێی زمانە جیاوازەکان و شوێنگەی سەرهەڵدانی چەمکەکە، دواتر دید و بۆچوون و تێگەیشتنی زانایان و بیرمەندان و شارەزایانی بوارەکە سەبارەت بە چەمکی شارستانییەت خراوەتە ڕوو، ڕەهەندی مێژووی سەرهەڵدان و شیوەی بەکارهێنانی چەمکەکەش بە پێی مێژووی سەرهەڵدانی و بەکارهێنانی شرۆڤەی مێژوویانەی بۆ کراوە، بە هەمان شێوە ڕەگەزەکانی شارستانییەتیش بە پێی بەکارهێانی جیاواز لە زمانەکان و شوێنگەی بەکارهێنانیان شیکراوەتەوە.

لە دەستپێکی تەوەرەی دووەمدا دید و بۆچوونی زانایان و فەیەلەسوف و بیرمەندان دەربارەی رەگەزەکانی شارستانیەت ڕوونکراوەتەوە، کە لە سەر هەندێ لە ڕەگەزەکان کۆدەنگییان هەیەو لەسەر هەندێکیشیان جیاوازن، ئەمەو ڕوانگەی جیاوازی چەندێتی ڕەگەزەکانیش ڕوونکراوەتەوە ، دواجار جیاوازی ڕەگەزەکان بە پێی شارستانییەتە جیاوازەکان ڕاڤەکراوە، هەرچەندە لە توێژیینەوەکەدا ڕەگەزەکان بە پێی ئەو جیاوازییانە پۆلێن نەکراون، بەڵکو بە پێی دیدی زانایان فەیلەسوف و بیرمەندان باسیان لێوە کراوە.



**کلییلە وشەکان: شارستانییەت، رەگەزەکان، ڕەهەندە مێژووییەکان.**

Recieved: 1/8/2024
Accepted: 3/9/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

شارستانییەت لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا لە ڕەوڕەوەی خۆی نەوەستاوە و سات دوای ساتیش بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر و باڵاتر دەگوازێتەوە، هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ پەی بەوە بردووە کە دەتوانێ هەردوو قۆڵەکانی و جەستەی بە هاوکاری ژیری و کارامەیی خۆی بەکار بهێنی، بۆ نموونە سەرەتا لە هەڵگرتن و بەکارهێنان و هاویشتنی بەردێک وەک کەرەستەیەک سوودی وەرگرتووە دواتر سات دوای سات گۆڕانکاری لەو کەرەستەیەدا کردووە تا گەیشتووە بەو ئامێرە پێشکەوتووانەی کە ئەمڕۆ ئێمەی مرۆڤ دەیانبینین و جێگرەوەی ئەو بەردە سەرەتاییەن، بەڵام بە هۆی کاری ژیری مرۆڤ لەسەر کەرەستەکە لە ڕووی توانایی و جۆرییەوە وەک گوتراوە تەنها خودایان یەکە، ئەمەو هەموو کەرەستەوە ئامێر و لایەنەکانی دیکەی ژیانیش هەر بەهەمان شێوە، ئەو پێشکەوتنە شارستانییەی مرۆڤ بە درێژایی چاخە مێژووییەکان بەدەستی هێناوە هەنگاوی زۆر گەورەو جۆری ناوە تا گەیشتووە بەو ئاستە باڵایەی ئێمە دەیبینین، ئەمەش لە سۆنگەی گەرانی مرۆڤ بە دوای پێویستییەکانی ژیان و ململانێی لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی و ڕوووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو مەترسییانەی بووبوونە هەڕەشە لەسەری و ململانێی خوودی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری و وێڵبوونی مرۆڤ بە دوای هۆکارەکانی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و چەندین پاڵنەری کاریگەری دیکە هاتووەتە ئاراوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:

بە هۆکاری ئەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە شارستانییەت و ڕەگەزانی کەمترین توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، بە تایبەتی بە زمانی کوردی هەر یەکجار کەمە، بە تایبەتتر لەسەر خودی ڕەگەزەکانی شارستانییەت ئەگەر بڵێین هەر نەکراوە ڕەنگە هەڵە نەبین، لەم سۆنگەوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە بە پێویست زانراو ئەو پیویستییەش ئەم بەرهەمەی هێنا ئاراوە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە، ئەوەیە کە هەوڵێک بێت بۆ شیکار و لێکۆڵینەوەی وردو زانستی و بابەتییانە لەسەر پرسی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی، ئەمەو لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕەهەندە مێژوویەکانی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی بکرێت، جگە لەوە فەرهەنگی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت و خوێنەری کوردیشی لێ بەهرەمەند بێ.

### گرنگی توێژینەوە:

شارستانییەتیش لە هەر کات و لەهەر شوێنێکدا دەرکەوتبێ لەسەر کۆمەڵێک بنەما بەرپا بووە و کۆمەڵێک هۆکارو پەڵنەریش هەبووە بۆ سەرهەڵدانی، جگە لەمەش کۆمەڵێک ڕەگەزیش بوونەتە کرۆک و ناوکەپێکهێنەری، کە بە کۆی ڕەگەزەکان شارستانییەتەکەیان پێکهێناوەو وێنایان کردووە، ڕەگەزەکانیش هەندێکیان هاوبەشن لە نێوان شارستانییەتەکان و هەندێکیشییان تایبەتن بە شارستانییەتێکی دیارییکراوەوە، کە ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بە لێکدانەوەی چەمکی شارستانییەت و ڕەهەندی مێژوویی چەمکەکەو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی.

### پرسی توێژینەوە:

پرسی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە، بە دواداچوونە بۆ ئەو پرسە کە ئایا چەمکی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی چ واتایەک لە خۆ دەگرن و ڕەهەندو لایەنە جیاوازەکانیان چین، لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو دیدو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەسەر ئەو پرسە هەیە، لەگەڵ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بابەتەکە بە تێڕوانینێکی زانستییانەو بەڵگەی زانستی لە ڕێگەی سەرچاوەی زانستی منمانە ێکراوەوە.

### میتۆدی توێژینەوە:

دیارە لە تویژینەوەی زانستی بە پێی سروشتی ئەو بابەتەی کە هەبژێرداراوە، میتۆدی گونجاو بۆ بابەتەکە هەڵدەبژێردرێ، هەر لەم سۆنگەشەوە توێژەر میتۆدی شیکاری بۆ ئەم توێژینەوەیە پیادە کردوەو بە گونجاوترین میتۆدی زانیوە لەم بارەوە.

### پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە پێشەکیی و دوو تەوەرەی سەرەکی و چەند خاڵێک پێکهاتووە، کە لە تەوەرەی یەکەمدا چەمک و ڕەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی بە جەند خاڵێک باسکراوە، خاڵی یەکەم: شارستانییەت چەمک و ڕەهەندی مێژوو، خاڵی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت چەمک و ناساندن. تەوەرەی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی دیدوبۆچوون و شارستانییەتە جیاوازەکان، کە ئەویش لە دوو خاڵ پێکهاتووە، خاڵی یەکەم: لە دید و بۆچوونی زانایان و بیرمەندان و توێژەراندا، خاڵی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی جیاوازی شارستانییەتەکان.

### گرنگترین سەرچاوەی بەکار هاتوو:

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە سەرچاوەی زۆر و جۆراوجۆر بەستووە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی زۆرترین سوودمان لێ بینیون، لەوانە: (توفیق یوسف الواعي، الحضارة الاسلامية مقارنة بالحضارة الغربية) و (عامر علي النعيمي، مفهوم الحضارة وعناصر تكوينها- دراسة تحليلية ومُقارنة) ، Fadi K.S. Zatari, The (Construction of a Theory of) Civilization Through the Works of al-Māwardī

## تەوەرەی یەکەم

### چەمک و ڕەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی

### یەکەم: شارستانییەت چەمک و ڕەهەندی مێژوو:

کاتێ مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی گواستییەوەو کەوتە سەر شاڕێگەی مرۆییبوون و کۆمەڵگای پێکهێناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکخست، بەمەش زانی کە ناتوانێ بە تەنها بژیێت و دەبێ ژیان و بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دابەش بکا، لەم دابەشبوونی ژیان و بوونەشدا، دەبوو لەگەڵ کەسی بەرابەردا بەشداری بکا لە هەر زیانێک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو لەگەڵیشییدا ئاڵوگۆڕی سوودو قازانج بکات، ئەمەو هەوڵی وەدیهێنانی هەموو ئەو خواستانەش بدەن کە ئەو پەیوەندییانەی لە پێناودا گرێدراون و لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگە

هاتۆتـه ئـاراوه، بەمـەش کۆمەڵایەتـی بـوون و شارنشـینی (المدنیـة)ی سـەلماندووه، هـەر لێرەشـەوه شارسـتانیی بوونـی خـۆی هێناوەتـە ئاراوه،(بـو فضـة، ٢٠٠٨م، ص٨)، ئەمـەو سـەبارەت بـە مێـژووی سـەرهەڵدانی چەمکـی (المدنیـة)، لەبـەر ئـەوەی لـە بەکارهێنانـە ڕۆژئاواییەکانـدا بـۆ (المدنیـة) هەمـان چەمکـی (Civilization) کـە بـا واتـای شارسـتانییەت دێـت بەکارهاتـووه، کـە ڕەگ و ڕیشـەی وشـەکەش دەگەڕێتـەوه بـۆ وشـەی لاتینـی (Civic us-Civil is) دەگەڕێتـەوه، ئەویـش بـۆ وشـەی ( Cite) دەگرێتـەوه کـە بـە واتـای وشـەی شـار یـان خەڵکـی شـار بـەکار هاتـووه، ( صلیبـا، ١٩٨٢م، ج٢، ص٣٦٠)، جـا بـە هـۆکاری ئـەوەی چەمکەکـە هەمـان واتـای چەمکـی شارسـتانییەتی هەیـە، بۆیـە مێـژووی دەرکەوتنـی چەمکی(المدنیة)یـش هەمـان مێـژووی دەرکەوتنـی چەمکـی شارسـتانییەتە کـە دواتـر ئاماژە بـە مێـژووی دەرکەوتنـی دەدەیـن.

## ١- شارستانییەت چەمک و ناساندن:

چەمکـی شارسـتانییەت لـە زمانـی عەرەبییـدا هـەردوو چەمکـی ( الحَضـارَة ) و( الحِضـارَة)ی بـۆ بەکارهاتـووه، کـە یەکەمیـان بـە سـەر(الفَتْحَة) هاتـووەو واتـای پێچەوانـەی بـەداوەت دەگەیەنـێ و دووەمیشـییان بـە ژێـر (الکَسْرَة) بـە واتـای نیشـتەجێبوون لـە شـار بەکارهاتـووه، کـە ئەمیـش هـەر پێچەوانـەی بەداوەکـە دەگەیەنـێ( اعلمـي، ١٩٦٦م، ج١٦، ص٢٩٠)، بنچینـەی وشـەکەش دەگەڕێتـەوه بۆ(حَـضَرَ)( الفراهیـدي، ج٣، صـص١٠١-١٠٢؛ الشرقـاوي، ١٩٨٥م، ص١٢) هـەروەک گوتـراوه ( حَـضَرَ، يَحْـضُرُ، حُضُـوراً وَحَضـارَةً: ضِـدُّ غـابَ) ( ابـن منظـور، ٢٠٠٨م، ج٤، ص١٤٨؛ معلـوف، ١٩٩٦م، ص١٣٩)، کـە بـە واتـای ئامادەبـوون هاتـووه کـە پێچەوانـەی دیارنەمانـە، بـۆ نموونـە کەسـێکی دیارنەبووهاتبێتـەوەو ئامـادە بووبێـت و دەرکەوتبێتەوه دوای ئـەوەی کـە دیـار نەمابـوو( الفیومـي، ١٩٨٧م، ص٥٤؛ نیزامەدیـن، ٢٠٠٧ز، ل٥١٧)، ئەمـەو (ابـن فارس)گوتوویەتـی:« حَـضَرَ: الحـاء والضـاد والـراء ایـرادُ الـشَّيء، وَوُرُودُه وَمُشـاهَدَتُهُ» واتـه:( حَـضَر: کـە پێکهاتـووه لـە پیتەکانـی الحـاء والضـاد والـراء، بـە واتـای هێنانـی شـتێک و هاتـن و بینینـی هاتـووه)( ١٩٧٩م، ج٢، ص٧٥)، ئەمـەو( الحَـضَر) پێچەوانەیـە لەگـەڵ ( البَـدْوي)( الـرازي، ص١٠٧) کـە یەکەمیـان بـە واتـای شـوێنی نیشـتەجێبوون یـان شـاری و شارنشـین هاتـووه، بـە واتـای شـار و شـارۆچکەو گوندیـش هاتـووه، ئەمـەو بـە مرۆڤـی نیشـتەجێبوو لـە شـارو شـارۆچکەو گوندیـش گوتـراوه، دووەمیشـییان بـە واتـای سـاراو دەوارنشـینی هاتـووه( معلـوف، ١٩٩٦م، ص١٣٩؛ نیزامەدیـن، ٢٠٠٧ز، ل٥١٧؛ گەلاڵـی، ٢٠١٠ز، ب١، لـل٤٧٤-٤٧٥)، لـە زمانـی عیبرییـدا وشـەی hasar (حـاصَرْ) لـە بەرامبـەر وشـەی ( حَـضَرَ) بـەکار هاتـووەو واتـای کۆبوونـەوەی گەیانـدووه ( محـروس وآخـرون، ٢٠٠٠م، ج٥، ص ٤٢٦).

وشـەکانی ( الحـاضِر) و ( الحـاضِرَة )ش پێچەوانـەن لەگـەڵ ( البـادي) و ( البادیَـة)، کـە بـە واتـای شـار و ئاوەدانـی و گونـد هاتـوون، پێچەوانەکەشـیان واتـای بیابـان یـان سـارا یـان دەشـت و چۆلەوانـی دەگەیەنێـت، هـەر لەبـەر ئەوەشـە گوتـراوه فـڵان کەسـە شارنشـینەو فڵانیـش سارانشـینە)( الـرازي، ص١٤١؛ أنیـس وآخـرون، ١٩٩٠م، ص١٨١؛ الجوهـري، ٢٠٠٥م، ص١٤١)، شـایانی ئاماژەپێکردنـە وشـەی ( الحـاضِر) لـە فەرمـوودەی پەیامبـەر(د.خ)دا هاتـووه، وەک فەرموویەتی:»لایَبیـعُ حـاضِرٌ لِبـادٍ» واتـه:( شارنشـین شـت نەفرۆشـێت بـۆ سارانشـین).

بـەر لـە زمانـی ئینگلیـزی چەمکـی (Civilization) بـە زمانـی فەرەنسـی دەرکـەوت، دواتـر لەپـاڵ چەمکـی (Culcure) لـە لای ئەوروپـی و ڕۆژئاواییـەکان (Civilization) یـان (Civilisation) لـە بەرامبـەر وشـەی شارسـتانییەت بەکارهـات، کـە چەمکەکـە بنچینەکـەی دەگەڕێتـەوه بـۆ وشـەی لاتینـی (Sivis) کـە بـە واتـای شارنشـینی یـان هاوڵاتـی لـە شـاردا هاتـووه( الواعـي، ١٩٨٨م، ص٢١) و چەنـد واتایەکـی لەخۆگرتـووه، لەوانـە بـەرزی و باڵایـی، بیـر، چێـژ، مامەڵـەی جـوان، بـە واتـای ڕۆشـنبیری، توانـای مرۆیـی، هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتیـش هاتـووه و ئاواڵناوەکەشـی (Civil)ه( Philip D, P١١٨ ,٢٠٠١AD؛

٢٠٠٩AD, p١٧٢ ,Person Education Limited؛ البعلبكي و البعلبكي، ص٢٢٦) ، کە واتای هاوڵاتی دەگەیەنێت و هاوڵاتیش بەو کەسانە دەگوترێ کە لەیەک شار یان یەک وڵاتدا بەیەکەوە دەژین، مەبەست لە هاوڵاتیش کەسانی مەدەنی و ناسەربازین، ئەمەو (Civilian)یش گوزارشتە لە کەسێکی شاری و شارنشین( ئەحمەد، ٢٠٠٦ز، ل١٦٧؛ Oxford ٢٠١٠AD, p٢٦ ,university).

(شارستانییەت) و (ژیار) ئەو دوو چەمکەن کە لە زمانی کوردییدا لە بەرامبەر وشەی (الحضارة)ی عەرەبییدا بە کار هاتوون، کە یەکەمییان لە دوو برگە پێکهاتووە ئەوانیش (شار) و (سان) ن. (شار) هەم بە واتای ماڵی مێروولەو زەردەواڵە هاتووە، هەمیش بە واتای ئاوەدانی گەورەی پڕ لە بازاڕ و دوکان هاتووە، باژێڕیشی پێگوتراوە، دووەم وشەش کە (سان)ە پاشگرێکە بە واتای جێگەو شوێن هاتووە نموونە وەک (عەجەمستان)، کەواتە بەهەر وشەیەکەوە لکابێت واتای شوێنی ئەو شتەی گەیاندووە بۆ نموونە (کێوسان، گوڵسان، کوردستان) واتا جێگەی کێوو گوڵ و کوردی زۆر(خاڵ، ١٩٧٦ز، ج٢، لل٢٥٠-٢٥١؛ هەژار، ١٣٨٤هـ ل٤٠٩،٤٦٣)، ئەمەو وشەی (سان) واتای سوڵتانیشی گەیاندووە، کە لە ڕووی بە گەورەدانانەوە بۆ هەندێ پیاو بەکارهێنراوە، لە نێو کاکەییەکانیش وشەی یارسان هاتووە، کە بە واتای دۆستانی سوڵتان بەکارهاتووەو خۆشیان حەز دەکەن لە جیاتی (کاکەیی) یان (ئەهلی حەق) بە ناوی (یاری و یارسان) بناسرێن، ئەمەو وشەکانی (ژیار) و (ژیاری)یش لە بەرامبەر (حضارة)و(حضاري) بەکارهاتوون، کە بە واتای ژیانی شارستانییانە هاتوون (هەژار، ١٣٨٤هـ لل٤٠٢،٤٦٣؛ خدر، ٢٠١٥ز، ل١٥).

توێژەرێک پێی وایە لە میانەی پێناسەی زمانەوانی بۆ چەمکی شارستانییەت لە فەرهەنگەکاندا ، بۆمان دەردەکەوێت لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پێناسەکاندا نییە، چونکە تاکە ئەنجام کە فەرهەنگەکان تێیدا بەیەک گەیشتوون، ئەوەیە کە شارستانییەت پێچەوانەی سارانشینییەو پاشان چەمکەکە بە تێپەڕبوونی کات گەشەی کردووە، تا وایلێهاتووە واتای نیشتەجێبوون لە شار و هەموو ئەو دیاردانەی گەیاندووە کە لەگەڵییدا پەیدا بوون، لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و هونەر و پەرەسەندن ( سعیفان، ٢٠٠٦م، ص٥٨).

## ٢- شارستانییەت لە دیدی بیرمەندان و توێژەراندا:

خستنە ڕووی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ لە ڕووی زاراوەوە بۆ چەمکی سارستانییەت، کارێکی ئاڵۆزو دژوارە، چونکە دیدوبۆچوونی جیاوز کاری لەسەر کردووەو لە سۆنگەیەشەوە جەندین پێناسەی لە یەکتر جیاواز خراونەتە ڕوو بۆ چەمکەکە، لە ڕێگەی بە گەورە دانانی عەقڵ و عەقڵگەراییانِ شارستانییەتیان کردووە بە هاوواتای عەقڵ یان کردوویانە بە بەرهەمی عەقڵ، چونکە پێیان وایە هەرچی دیاردەی مرۆیی هەیە هەمووی لەسەر پێوەری عەقڵ و ئەندازەگیرییەکانی عەقڵ بینا کراوە و عەقڵ زاڵە بەسەر هەموو ڕووەکانی ژیاندا، هەیە پێی وایە شارستانییەت ئەو زانستەیە کە وەستاوە لەسەر ئەو دۆزینەوە نوێیانەی کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن ژیانێکی باشتر بژی، ئەمەش لە ڕێگەی سوود بینین لە ژینگەی دەوروبەری، بەپێی ئەمەش شارستانییەت گوزارشتە لە شتێ کە پیی دەڵێن تەکنۆلۆژیا، هەیە پێی وایە ژیان پشت دەبەستێ بە ڕەگەزە ئابوورییەکان کە لە کۆتاییدا شارستانییەتی لێ وەبەرهەم دێ، کەواتە شارستانییەت ئابوورییە ( ضناوي، ١٩٨٠م، ص١١). هەندێ پیان وایە بیروباوەڕو ڕەوشت و هەڵسوکەوتێکە، کە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکا. هەیە هەندێ تری وەک شتی دیکەی وەک گەشەی ئابووری و دەستپێشخەری ئاوەدانی و پێشکەوتنی پیشەسازی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و یاساییشی خستۆتە پاڵ. بۆچوونی دیکە هەیە بە پێچەوانەوە پێی وایە شارستانییەت بەرەڵاییەکی ڕەهاو دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر و هێزێکی پڕ زەبروزەنگە

( الواعـي، ١٩٨٨م، ص٢٥).

ئەمـەو شارسـتانییەت لـە هـەردوو رەهەنـدی مـاددی و رۆحییـەوە ناسـێنراوە، لـە ڕووی رەهەنـدی ماددییـەوە شارسـتانییەت بریتییـە لـە ئاسـتێکی دیاریکـراو لـە پسـپۆڕی و پێشـکەوتن، کـە چەندیـن دەسـتکەوت و ئامانجـی زانسـتی و مـاددی هەیـە، وەک: بینـاکاری و پیشەسـازی و کەرەسـتەکان. هەروەهـا هەمەچەشـنەیی لـە خۆشـگوزەرانی و جۆراوجۆریێتـی چێشـتخانەکان و تـەلار و پۆشـاک و ڕاخـەر و قـاپ و تـەواوی پێداویسـتییەکانی مـاڵ ( لوبـون، ١٩٦٩م، صـص٤٣٣-٥٦٣؛ عبدالنـور، ١٩٨٤، ص٩٤؛ ابـن خلـدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٣٣٨) لەگـەڵ هەمـوو ئـەو شـتانەش کـە مایـەی خۆشـگوزەرانی ژیـان و چێـژ و خۆشـی دنیـاو جوانییەکانیـن و ڕەنگدانـەوەی کـۆی چالاکـی مرۆییـە لـە بوارەکانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری زانسـتی و سیاسـیی و ئابـووری و سـەربازی، سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتییشـە یارمەتـی مـرۆڤ دەدات لەسـەر زیادکردنـی بەرهەمـی ڕۆشـنبیری لـە هەمـوو خولێـک لـە خولەکانـی بوونیـدا، کـە لـە مێـژووی کۆنـی مرۆڤایەتییـدا بـە چەندیـن قۆناغـدا گـوزەری کـردووە تـا گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی ئێسـتا دەیبینیـن(Durant,p١ ,part one ,١٩٥٤AD؛ حـلاق، ١٩٩١م، ص٩؛ العتیـق، ٢٠٠٣م، ص١٦؛ مەنـدەلاوی ٢٠٠٩ز، ل٧٨-٨٣).

هەرچـی ڕوانگـەی رەهەنـدی ڕۆحیشـە، شارسـتانییەت بیروبـاوەڕی ئایینیـی و بەرزکردنـەوەی مرۆڤبوونـی مرۆڤـە بەسـەر مـاددەداو زاڵبوونـی ئـەو بەهـا مرۆییانەیـە کـە گەشـە بـە مرۆڤبوونـی مـرۆڤ دەدەن و دووری دەخەنـەوە لـە بەهـاو ئـاکارە ئاژەڵییـەکان. ئەمـەو ناسـاندنی تاکـە بـە کۆمەڵێـک بنەمـاو بەهـاو ڕەوشـتی جـوان، قۆناغێکـی باڵاشـە لـە گەشـەی مرۆیـی، بـە بـەراورد لەگـەڵ قۆناغـی نەزانـی و کێوییێتییـدا( لوبـون، ١٩٦٩م، صـص٤٣٣-٥٦٣؛ الواعـي، ١٩٨٨م، ص٢٦؛ ابـن نبـي، ٢٠٠٠م، ص٤٣).

ئەمـــەو شانبەســـانی چەمکـــی شارســـتانییەت ( الحَضَـــارَة) چەمکـــی شارنشـــینی ( المَدَنيَّـــة)ش بەکارهێـــنراوە، کـــە شـارەزایانی ئـەو بـوارە دابـەش بـوون بـۆ دوو بۆچوونـی جیـاواز، کـە هەندێکیـان پێیـان وایـە هـەردوو چەمکەکـە هاوواتـان بـەڵام بۆچوونـی بەرامبـەر پێـی وایـە واتـای جیاوازیـان هەیـە،( فـؤاد زکریـا، ٢٠١٨م، ص١٣)، بـەڵام بـە سـەرنجدان لـە کـۆی بۆچوونـەکان بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە ئـەو بۆچوونـەی لـە هەموویـان لـە ڕاسـتییەوە نزیکـترە ئەوەیـە کـە شارسـتانییەت گشـتگیرترو فراوانـترە لـە مەدەنییـەت، چونکـە شارسـتانییەت هەمـوو چالاکییـە کۆمەڵاتییـەکان دەگرێتـەوە لـە تـەواوی لایەنـە ڕۆحـی و ماددییـەکان، بـەڵام شارنشـینی تەنهـا ئـەو چالاکییـە ماددیانـە دەگرێتـەوە کـە مـرۆڤ لـە واقیعـی ژیانـی خۆیـدا لـە ڕێـی ئەزموونـی زانسـتیی خۆیـەوە پێـی هەڵدەسـتێ لـە نـاو کۆمەڵگـەدا، بەمـەش دەتوانیـن هـەردوو چەمکەکـە بەیەکـەوە کـۆ بکەینـەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەک کـە شارسـتانییەت بەڵگـە بێـت لەسـەر کـۆی لایەنـەکان (خـدر، ٢٠١٥، لـل١٩-٢٠).

بـە پێویسـتمان زانـی ئاماژەیەکیـش بدەیـن بـە چەمکێکـی دیکـە کـە پەیوەنـدی چەمکـی شارسـتانییەت ( الحَضَـارَة) ەوە هەیـە، ئەویـش چەمکـی ڕۆشـنبیری ( الثَّقافَـة) کـە لـە ئەوروپـا ( Culture)ی پـێ گوتـراوە، سـەبارەت بـە پەیوەندییـان بەیەکـەوە بیرمەنـدان و توێـژەران دیـدو بۆچوونـی جیاوازیـان خسـتۆتە ڕوو، بـۆ زانیـاری زیاتـر سـەبارەت بـە بیرمەنـدان و توێـژەران و دیـد و بۆچونەکانیـان بڕوانـە( بینـوش، ٢٠١٣م، صـص٤١٢-٤٢٢)، بەشـێک پێیـان وایـە ڕۆشـنبیری تەنهـا قۆنـای یەکەمـی شارسـتانییەتی نوانـدووە، چونکـە بەبەرهەمـی زانیاریـی و هەڵسـوکەوت و خونەریتەکانی گەلانی سـەرەتایی گوتراوە، کـە بـەردەوام بـەرەو بـەرزی و باڵایـی چـوون تـا گەیشـتوونەتە ئاسـتی شارسـتانییەت. زانایانـی بـواری کۆمەڵناسـی پێیـان وایـە شارسـتانییەت شـێوەیەکی ئاڵـۆزی ڕۆشـنبیرییە، چونکـە چەمکـی ڕۆشـنبیری سـیماکانی ژیانـی هەمـوو کۆمەڵگایەکـە، جـا پێشـکەوتوو بـێ یـان دواکەوتـوو، لـە کاتێکـدا شارسـتانییەت هەمـان سـیماکانی ژیانـە بـەڵام لـە کۆمەڵگایەکـی پێشـکەوتوو و ئاڵـۆزدا، باشـترین هۆکارێکیـش بـۆ دیاریکردنـی واتـای هـەر یەکێکیـان ئەوەیـە کـە بڵێیـن: چەمکـی ڕۆشـنبیری سـیماکانی

پێشـکەوتنی عەقڵـی گرتۆتـەوە بـە تەنهـاو مۆرکێکـی تاکـی هەڵگرتـووە، بـەڵام شارسـتانییەت سـیماکانی پێشـکەوتنی عەقڵـی و مـاددی گرتۆتەخـۆ و مۆرکێکـی کۆمەڵایەتـی هەڵگرتـووە، ( جبـور عبدالغفور)یـش شارسـتانییەتی بـە لاشـە و ڕۆشنبیریشـی بـە ڕۆح وێنـا کـردووە، هەشـە پێـی وایـە ڕۆشـنبیری قۆناغـی بـەرەو باڵاچوونـە، بـەڵام شارسـتانییەت ڕووەو تیاچوونـە، بەمـەش دەگەیـن بـەو ئەنجامـەی کـە چەمکـی ڕۆشـنبیری چوارچێوەکـەی بەرتەسـکترەو کورتهەڵاتـووە لـە بوارەکانـی بیروبـاوەڕ و تێڕوانینـەکان، پەیوەنـدی نێوانیشـیان پەیوەندییەکـی تەواوکارییـە، بـەوەی شارسـتانییەت ئـەو ئەنجامەیـە کـە نەتـەوە پێـی گەیشـتووە لـە بوارەکانـی بیـری و بیروبـاوەڕی و ڕەوشـتییەکاندا (خـدر، ٢٠١٥، لـل٢٤-٢٥).

## ٣- ڕەهەندی مێژوویی دەرکەوتنی چەمکەکە:

لـە ڕوانگـەی مێژووییـەوە عەرەبـەکان هـەر لـە کۆنـەوە بـەراوردی نێـوان نیشـتەجێبوون و کۆچکردنیـان کـردووە کـە بریتیـی بـووە لـە گواسـتنەوەو گـەڕان، ئـەو کەسـەی کـە ناگوازێتـەوەو پەنـا نابـا بـۆ گـەڕان بـە دوای لـەوەڕگادا پێیـان گوتـووە نیشـتەجێبوو(قَراري)، ئەمـەو پێشـیان گوتـراوە ( أَهْـلُ الْمَـدَرِ) کـە بەوانـە گوتـراوە نیشـتەجێبوون و خانوویـان لـە خشـتی قوڕیـن دروسـتکردووە، یـان پێیـان گوتـراوە (أَهْـلُ الْحَجَـر) چونکـە لـە ماڵـی بەهێـز و جێگیـردا نیشـتەجێ دەبـوون، بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی پێیـان دەگوتـرا ( أَهْـلُ الْوَبَـر)، کـە مەبەسـت پێـی لەوانـە بـوو لـەو خێـوەت و ڕەشـماڵانەدا نیشـتەجێ دەبـوون کـە لـە تووکـی حۆشـترو خـوری مـەڕوو مـووی بـزن دروسـت دەکـران ( النـدوة العالمیـة للشـباب الاسلامي، ١٩٨٥م، مـج٢، ص٧٤)،

هەرچـی چەمکـی ( الحَضارَة)یـە سـەرەتا لـە نێـو بەکارهێنانـە زمانەوانییـە عەرەبییەکانـدا بەربـڵاو نەبـووە، تەنانـەت بـە درێژایـی سـاڵانی فتوحاتـی ئیسـلامیش بوونـی نەبـووە، لـەم ڕوانگـەوە بیرمەندێـک پێـی وایـە ڕەنگـە ( ابـن خلـدون ) یەکـەم کەسـێک بوویێـت ئـەو چەمکـەی بـە نـاوی ( العُمـران البَـشَري) بەکارهێنابـێ ، کـە بـە واتـای ( الحَضـارَة الْبَشَريَّـة) هاتـووە، ئەمـەو جیـاوازی کـرد لـە نێـوان ئاوەدانـی بسارنشـینیی و ئاوەدانـی شارنشـینی ( خلیـل، ١٩٨١م، ص١٤٧؛ صلیبـا، ١٩٨٢م، ج١، صـص ٤٧٤-٤٧٥) . ( عبدالمنعـم الحنفـي) ئامـاژەی بـەوە داوە کـە بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی (١٧٠٤ز) وشـەی (الحَضـارَة)ی بـە واتـای شارنشـینی ( التَّمَـدُّن) بەکارهاتـووە، کـە بـە واتـای گرتنەبـەری ڕەوشـتی خەڵکـی شـار و پۆشاکپۆشـین و قسـەکردن و هەڵسـوکەوت بـە پێـی نەریتـی خەڵکـی شـار هاتـووە (الحنفـي، ٢٠٠٠م، ص٣٠١).

بـەو سەرنجدانەشـمان لـە ڕەوتـی مێژوویـی گەشـەی چەمکەکـە بـۆ مـان دەردەکەوێـت کـە بـەو واتایـەی ئێمـە مەبەسـتمانە مێژوویەکـی دووری نییـە، بـەڵام لـە زمانـی عەرەبـی و زمانـە ئەوروپییەکانیـش چەمکەکـە وەک واتـاو لـە مێژوویەکـی دوورەوە زانـراوە، بـەڵام بـەو واتـا دیاریکراوەی ئێسـتا بـۆی کـراوە دەرنەکـەوت تـا ئـەو کاتـەی لێکۆڵینەوەیەکـی تایبـەت دەرکـەوت بـە نـاوی مێـژووی شارسـتانییەت، دوای ئەمـە چەمکەکـە زۆربـەی واتاکانـی دیکـەی لـێ دوورخرایـەوە( فـؤاد زکریـا، ٢٠١٨م، ص١١) بـۆ نموونـە چەمکـی (Culcure) کـە لـە بنچینـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی (Culune)ی لاتینـی ئەویـش بنەچەکـەی دەگەڕێتـەوە سـەر ( Colere)، کـە بـە واتـای کێـڵای یـان گەشـەی کـرد هاتـووە، ئەمـەو وشـە بنچینەییـە لاتینییەکـەش لـە قۆناغـی مێـژووی کـۆن و ناوەڕاسـتدا بـە واتـای گەشـەی زەوی و داهاتەکانـی هاتـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ( شیشـڕۆن) بـە واتـای خـوازراو بـە ( Culturametris)ی بەکاریهێنـاوە، کـە بـا واتـای کشـتیاری عەقـڵ( گەشـەی عەقـڵ) هاتـووە، ئەمـەو دواتـر لـە سـەدەی هەژدەیـەم بـە دواوە چەمکـی (Culcure) وردە وردە واتاکـەی لـە گەشـەی عەقڵییـەوە گـۆڕاوە، تـا لـە کۆتاییـدا لـە ناوەنـدە زانسـتییەکاندا ئـەو واتـاو چەمکـەی وەرگرتـووە، کـە بـە واتـای شارسـتانییەت بێـت و بریتیـی بێـت لـە کۆمەڵێـک ڕەگـەزی ژیـان و شـێوەو دیاردەکانـی لـە کۆمەڵگایـەک لـە کۆمەڵـگاکان( الواعـي، ١٩٨٨م، ص١٩؛

ناوخـۆش، ٢٠٠٨ز، ل٦٢).

لـە ئەوروپـاو ڕۆژئـاواش بـە سـەرنجدان لـە ڕەگ و ڕیشـە یۆینانـی و لاتینییەکـەی چەمکەکـە، بۆمـان دەردەکـەوێ چەمکـێ شارسـتانییەت نوێـترە کـە لـە فەڕەناسـا لـە سـەدەی (١٨) دەرکـەوت، ئەمـەو لـە وشـەی شـاری (civilized) و شارنشـینی ( to civilize) پێکدەهـات، کـە هەردووکیـان لـە ئەوروپـا هـەر لـە سـەدەی شـازدەوە بوونیـان هەبـوو و بـەکار دەهاتـن، لـە زمانـی ئینگلیزییشـدا چەمککـە سـەرەڕای نەریتـە کەلتوورییـە ڕۆژئاواییەکـەی، واتاکانـی خـۆی هـەر لـە ڕەگ و ڕیشـە یۆنانیـی و لاتینییـەکان وەرگرتـووە (لحسـن، ٢٠٢١م، ص١٦١).

ڕەنگـە یەکـەم کەسـێکیش چەمکـی (Civilization)ی لـە کتێبێکـی بڵاوکـراوەدا بەکارهێنابـێ ( مارکیـز دی میرابـۆ) بووبـێ کـە لـە یەکێـک لـە کتێبەکانییـدا لـە سـاڵی (١٧٥٧ز) هێناویەتـی (عـارف، ١٩٩٤م، ص٣٣). ئەمـەو لـە سـاڵی (١٩٧٢ز) کاتـێ (جونسـون) فەرهەنگێکـی نوسـیوە داوای لێکـراوە چەمکـی (Civilization) بخاتـە نێـو فەرهەنگەکـەی بـەڵام ئـەو ڕەتـی کردۆتـەوەو لەجیاتـی ئـەو وشـە کۆنەکـەی هەڵبـژاردووە، کـە (Sivility)ە و خسـتویەتیە نێـو فەرهەنگەکـەی، کـە وەک وشـەی (Urbanety)یـەو واتاکـەی ڕەنگدانـەوەی بـە سـووک سـەیرکردنی لادێنشـینەکان و ئەوانەیـە کـە پێیـان گوتـوون بەڕبـەڕ بـە بـەراورد لەگـەڵ خەڵکـی شـار و شارنشـینەکان ( النـدوة العالميـة للشـباب الاسـلامي، ١٩٨٥م، مـج٢، ص٥٨١).

بـەم شـێوەیە چەمکەکـە گەشـەی کـردووەو جەندیـن لێکۆڵینـەوەی هەمەلایەنـەی چەمکەکـە کـراوە تـا گەیشـتووە بـەوەی کـە بۆچـوون هەیـە پێـی وایـە دەتوانـرێ چەمکـی شارسـتانییەت هێنـدە فـراوان ببـێ بێتـە ئاسـتی چەمکـی جیهانگەرایـی (Globalization)، کـە مەبەسـت لەوەیـە هەمـوو گـەل و نەتـەوەکان ببنـە خاوەنـی یـەک شارسـتانییەت، هەرچەنـدە کەلتـوور و دابـو نەریتیشـیان لەیـەک جیـا بێـت (الحنفـي، ٢٠٠٠م، ص٣٠٢).

لـە ڕاسـتییدا ئێمـە پێمان وایـە واتـاو گەشـەی چەمکەکـە بـە پێـی زمانـەکان و ژینگـەو ناوچـەو سـەردەمە مێژوویەکانـی جیـاواز بـووە، کـە دەتوانیـن بـە چەنـد خاڵێـک ڕوونـی بەکەینەوە:

١-لـە بنچینـەی وشـەکەدا بـە پێـی زمانـەکان و ژینگـەو شـوێنەکان جیـاوازی هەیـە لـە چەمکەکـەدا بـۆ نموونـە بنچینـەی وشـە عەرەبییەکـە کـە ( حَضَرَ)ەیـە بـە واتـای ئامادەبـوون هاتـووە، بـەڵام بنچینـەی وشـە ئەوروپییەکـە (Culcure) یـان (Civilization)ە جیـاوازی هەیـە، چونکـە ( (Culcure) لـە بنچینـەدا کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ( Colere)بـە واتـای کێـڵان و گەشـەکردن هاتـووە، (Civilization)یـش دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی لاتینـی (Sivis) کـە بـە واتـای شارنشـینی یـان هاوڵاتـی لـە شـاردا هاتـووە، کـە زۆر جیـاوازە لـە واتـای چەمکـە عەرەبییەکـە کـە بەواتـای ئامادەبـوون هاتـووە، ئەمـەو چەمکـە کوردییەکـە لـە واتـا بنچینەییەکەیـدا لـە هەردووکیـان جیـاوازە، چونکـە بنچینـەی چەمکـی (شارسـتان)ی لـە زمـان و فەرهەنگـە کوردییەکانـدا، کـە لـە بنچینـەدا بـە شـوێنی کۆبوونـەوەی شـتێک هاتـووە وەک (گوڵسـان) یـان (کێوسـان)، بـۆ شارسـتانییەتی مرۆڤیـش بـە واتـای ئاوەدانـی گـەورەی پـڕ لـە بـازاڕ و دوکان هاتـووە.

٢- لـە ڕووی خـوودی واتـای وشـەکەش بـە بـێ گەڕانـەوە بـۆ بنچینـەی وشـەکە جیاوازییەکـی ڕێژەیـی هـەر هەیـە، ئەگەرچـی لەیـەک نزیکـن، بـۆ نموونـە چەمکـی (الحَضـارَة) لـە زمانـی عەرەبییـدا بـە شـارو ئاوەدانـی و شارنشـین گوتـراوە بـە شـێوەیەک کـە پێچەوانـە بـێ لەگـەڵ دەشـت و سـاراو دەوارنشـینی، لای ئەوروپییـەکان چەمکـی (Civilization) زیاتـر گوزارشـتە لـە ژیانێکـی هاونیشـتیمانی و هاوڵاتـی بـوون کـە مەدەنـی بـن و سـەربازیی نەبـن. بـەڵام لـە فەرهەنگـە کوردییەکانـدا تـا ڕاددەیـەک لـە واتـا عەرەبییەکـە نزیکـە کـە بـە واتـای ئاوەدانـی گـەورەی پـڕ لـە بـازاڕ و دوکان هاتـووە، باژێڕیشـی پێگوتـراوە، ئاماژەشـە بـۆ ئـەو کەسـانەی شارسـتانییانە دەژیـن، بـەڵام وەک عەرەبییەکـەی بـەراوردی پـێ نەکـراوە لەگـەڵ ژیانـی لادێـی

و سارانشـینی.

٣- پێـمان وایـە هـەر یەکـێ لـەو ناسـاندنانە بەشـێکی واتاکـەی خسـتۆتە ڕووو و دەتوانیـن هەرسـێ بۆچوونەکـە بەیەکـەوە کۆبکەینـەوە بـەوەی کـە شارسـتانییەت بـە واتـای شـارو ئاوەدانـی و شارنشـین دێـت، شارنشـینییەک کـە زیاتـر مەدەنییانـە بێـت و شارنشینییەکیشـە کـە ئاوەدانییەکـی پـڕ لـە بـازاڕو دوکان بێـت.

## دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت چەمک و ناساندن:

لـە زمانـی عەرەبییـدا لـە بەرامبـەر چەمکـی ڕەگـەز چەمکـی (عُنْـصُر) یـان (عُنْصَر)بـە کارهێـنراوە کـە یەکێـک لـە واتـا دیارەکانـی بـە واتـای بنەچـە و ڕەچەڵـەک بـە کارهاتـووە، هـەر بۆیـە لـە زمانـی عەرەبییـدا گوتـراوە:» لَهُـم عَنـاصِرٌ تُثْنـی بِهـا الْخَنـاصِر» )( الفراهیـدي، ج٢، ٣٣٢؛ ابـن دریـد، ١٩٨٧م، ج١، ص١١٥٣؛ الأزهـري، ١٩٧٨م، ج٣، صـص٣٣٠-٣٣١؛ الزمخـشري،١٩٩٨م، ج١، ص٦٨١)واتـە:( ڕەچەلەکگەلێکیـان هەیـە، شایسـتەی نمونـە پـێ هێنانەوەیـە)، ئەمـەو بـە واتـای چاپوکـی و پێویسـتیش هاتـووە، گوزارشـتیش بـووە لـە زیرەکـی و بلیمەتـی، لەگـەڵ وشـەی ( عُنْقَر)بـە هاوواتـا هاتـووە، هـەر بۆیـە کـە دەگوترێ:»عُنْـصَرُ الرَّجُـلِ وَ عُنْقَـرَهُ» واتـا بنەچـەو ڕەچەکـی کەسـەکە (الأزهـري، ١٩٧٨م، ج٣، ص٣٣١)، هەروەهـا بـە واتـای ڕەگـەزو نەژادیش هاتـووە وەک نـەژادی نەتـەوەکان بـۆ نموونـە نـەژادی (سـامی) ( عمـر، ٢٠٠٨، مـج١، ص١٥٦٣).

دیـارە کـە کـۆی (عُنْـصُر) (عَنـاصِر)ە کـە بەشـی هـەرە سـادەو سـاکارو سـەرەتایین، بـە شـێوەیەک ناتوانـرێ بـۆ بەشـی لـەوە سادەتر بکرێتـەوە، پێکهاتەکانیـش لـەو بەشـە سـادەو سـەرەتاییانە پێکهاتـوون، واتـە ئـەو ڕەگـەزە بنچینەیـە لـە هەمـوو بابەتـەکان، بـۆ نمونـە ژمـارە یـەک ئـەو ڕەگـەزو سـەرەتایەیە کـە ژمـارەی لـێ پێکهاتـووە، پیتیـش بـە هەمـان شـێوە کـە ئاخاوتنـی لـێ پێکهاتـووە ( الحنفـي، ٢٠٠٠م، ص٥٦٨).

(إبْـنُ سـینا) گوتوویەتـی:» {العُنْـصُر} بنچینـەی یەکەمـی بابەتەکانـە، هـەر بۆیـە بـە یەکـەم شـوێنگە گوتـراوە { عُنْـصُر} کـە کاتێـک دەگۆڕێـت شـێوەگەلێک وەردەگـرێ بـە هۆیـەوە بوونـەوەرەکان جۆراوجـۆر دەبـن، بـەڵام بـە ڕەهایـی کەرەسـتەی سـەرەتاییە)» (الخوّارِزْمي)یـش گوتوویەتـی:» ئـەو شـتە سـاکارو سـەرەتاییەیە کـە پێکهاتەکانـی لێـوە پێکدێـن، نموونـە وەک: بـەردو خشـت و قـەدە دار کـە بینـای لـێ پێـک دێـت، وەک پیتەکانیـش کـە ئاخاوتنیـان لـێ پێـک دێـت، یـان وەکـو ژمـارە یـەک کـە ژمـارەی لـێ دروسـت دەبێـت» ئەمـەو ( عُنْصُر) لـە ژێربێـژی (المنطـق)دا دانەیەکـە لـە جـۆر یـان چەشـن، واتـای هەمـوو ئەمـەش ئەوەیـە کـە ڕەگـەزی شـتەکان بەشـە سـەرەتایی و سـاکارەکانییانە، جـا ڕەگـەزی زمـان بێژەکانییەتـی و ڕەگـەزی زانیـن بنەماکانییەتـی و ڕەگـەزی سێگۆشـە هێڵەکانـی و گۆشـەکانییەتی، ڕەگەزەکانـی کۆمەڵـگاش تاکەکانییەتـی (صلیبـا، ١٩٨٢م، ج٢، صـص١١١-١١٢؛ زقـزوق، ٢٠٠٣م، ص١٠١٨).

لـە زانسـتی کیمیاشـدا توخمێکـە یـان ئـەو مـاددە سـەرەتاییەیە ، کـە ناتوانـرێ لـەو سـادەتر هەبـێ، جـا چ ڕێژەیـی بـێ یـان ڕەهـا بـێ، بـۆ نموونـە گەردیلـە لـە زانسـتی کیمیـادا ڕەگەزێکـی سـادەیە، بـەلام لـە زانسـتی فیزیـادا ئاوێتەیـە، جـا هـەر شـتێ بچێتـە نرەگەزێکـی سـادەیە، بـەلام لـە زانسـتی فیزیـادا ئاوێتەیـە، جـا هـەر شـتێ بچێتـە نـو پێکهاتـەی شـتێک، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ توخـم یـان ڕەگـەز نموونـە وەک ( هایدرۆجیـن) و ( ئۆکسـجین ) لـە پێکهاتـەی ئـاودا، بیـر وگەڵاڵـەکان لـە داڕشـتنی وتارێکـدا، پارچـەکان لـە پێکهێنانـی ئامێرێکـدا، دەسـتەیەک لـە پێکهێنانـی سـوپایەکدا، ئەمـەو ڕەگـەزەکان لـە کۆنـدا بـە چـوار شـت دەگوتـرا ئەوانیـش:» ئاگـر و هـەواو ئـاوو خـاک بـوون» (صلیبـا، ١٩٨٢م، ج٢، صـص١١١-١١٢).

لـە زمانـی عیبرییـدا چەمکەکـە بـە ( عَنْـصَر) هاتـووە، کـە لـە پەیمانـی کۆن(تـەورات) دا بـە واتـای کۆبوونـەوە یـان شـوێنی تایبەتـی ئاهەنگگێڕانـی گـەل هاتـووە، کـە لـە ئاهەنـگ و بۆنـە ئایینییەکانـدا تێیـدا کۆدەبوونـەوە (دُوزِي،

١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨)، لەسەردەمی پەیامبەر یوسف (س.خ) جەژنەکە چەند ناوێکی هەبووە لەوانە ( عید العَنْصَرَة، عید الخَمْسین، عید الحَصاد)، هەمان ئە واتایەش لە (تەلمود)دا هاتووە، لای جولەکە جەژنی ( العَنْصَرَة) یادکردنەوەی دابەزینی شەریعەتەکەیانە بۆ سەریان لە سەر کێوی (سەیناء)، هەمان جەژن لای گاورەکانیش هەیەو بە جەژنی (الخَمیس)یش ناسراوە لایان، پێیان وایە لەو ڕۆژەدا گیانی ( روح القدس) ئاوێتەی گیانی خوێندکارەکانی مەسیح (س.خ) بووە، بەم هۆیەشەوە بە هەموو زمانەکان قسەیان کردووە، دوای ئەمەش هەریەکەیان گڕاوەتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەو زمانەی ئەو قسەیان کردووە، ئەمەش لە پێناو بانگەوازکردنی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ ئایینی مەسیح (س.خ) ( مسعود، ١٩٩٢م، صص٥٦٦-٥٦٧؛ دُوزِي، ١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨، الخطیب، ١٩٩٦م، ١٩٩٦م، ص٣٢٧)، لای (قیبتی)یەکانیش بە ( عید الخَمْیس، عید الحَصاد) هاتووە، ئەمەو لە چەندین وڵاتی دیکە هەمان چەمک بۆ چەندین بۆنەو یادی تر بەکار هاتووەو یادی دەکرێتەوە ( دُوزِي، ١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨).

(عَنْصَرَة) جۆرێکی میوەشە کە لە مانگی حوزەیراندا پیدەگا، مەبەستیش لە ( عُنْصُرِيّ) شتی بنچینەیی و بەراییە، کە دەگوترێ ( عُنْصُرُ الزَّمَن) بە واتای ئەو شتە دێ کە کاتی پێکهێناوەو بونەتە کرۆک و پێکهێنەری کات ئەوانیش شەوو ڕۆژن و شەوو ڕۆژ دوو ڕەگەزی پێکهێنەری کاتن، ئەمەو (عُنْصُر) گوزارشتیشە لە گەردو تۆزی بەر با ( مسعود، ١٩٩٢م، ص٥٦٦؛ دُوزِي، ج٧، ص٣٢٨، عمر، ٢٠٠٨م، مج٢، ص١٥٦٣)، چەمکی (العُنْصُريّة)یش هاتووە کە واتای دەمارگیری دەگەیەنێ، هەر بۆیە کە دەگوترێ (التَّمییزُ العُنْصُريّ) واتە جیاوازی کردن لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی تردا بە پێی نەژاد و ڕەچەڵەک و ڕەنگ، ئەمەو دەمارگیری بیروباوەر و ڕاوبۆچوونێکی دیاریکراویش دەگرێتەوە(، العُنْصُرِيّ) یش کە ناویکی تاکەو پاڵ دەدرێتە لای (عُنْصُر) بە کەسێک دەگوترێ دەمارگیرو ڕەگەزپەرست بێ بۆ نەژادێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو( مسعود، ١٩٩٢م، صص٥٦٦-٥٦٧؛ عمر، ٢٠٠٠م، ص٦٤٣؛ عمر، ٢٠٠٨م، مج٢، ص١٥٦٣)، پاڵنەری ئەو دەمارگیری و ڕەگەزپەرستییەش ئەوەیە کە پێیان وایە تاکەکانی سەر بە نەژادو ڕەچەڵەکییان لە ڕوانگەی ژیری و ڕەوشت و کەلتوور و ڕۆشنبیری بەرزو باڵاترن لە تاکەکانی نەژادو ڕەچەڵەکەکانی تر، بەمەش پێیان وایە لە پێشترن لەڕووی مافەوەو جیاوازترن ( مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزیع، ١٩٩٩م، ج١٦، صص٦٩٠-٦٩١)

لە فەرهەنگە کوردییەکاندا چەمکی (عُنْصُر) بە واتای ڕەچەڵەک و نەژادو وەجاغزادەیی هاتووە، بە واتای بنچینەو بناغەو بنەماو ڕیشەو بنەڕەت و ڕەگیش هاتووە، ئەمەو گوزارشتیشە لە توخم و ڕەگەز و جۆر ( موکریانی، ٢٠٠٥ز، ل٢٧١؛ نیزامەدین، ٢٠٠٧ز، ل١٢١٦).

لە لای ئەوروپییەکان لە بەرامبەر چەمکی ڕەگەز( عُنْصُر)، بە فەڕەنسی ( Element) و بە ئینگلیزی ( Element) و بە لاتینی ( Elementun)بەکارهاتووە (مسعود، ١٩٩٢م، ص١١١؛ الحنفي، ٢٠٠٠م، ص٥٦٨؛ غەریب، ٢٠٠٣ز، ل٨٧٣)، لە زمانی ئینگلیزییدا، کۆیەکەی (Elements)ە، ئەمەو جەژنێکیش ناوی ( العَنْصَرة/feast of Pentecost) لێ نراوە ( ولیم، ١٩٨٤م، ص٤٤٣)، هەر لە زمانی ئینگلیزییدا چەند وشەیەکی دیکەمان هەیە هاوواتای چەمکی (Element)ن ئەوانیش وشەکانی ( component, constituent, and ingredient)ن ( فرح وآخرون، ٢٠٠٣م، ص٦٣١)، هەروەها چەمکی (Element) بەواتای ئەو خاڵ و هێڵ و ڕووانەش هاتووە کە شێوەی ئەندازەییان لێ پێک دێت، بەواتای هۆکاریش لێکدراوەتەوە، وە کە دەگوترێ ( Elemental) واتای توخم و کرۆکی هەر شتێک دەگەیێنێ، چەمکی (Elementary) یشمان هەیە کە بە واتای سەرەتایی بەکارهاتووە ( البعلبکي و البعلبکي، ص٣٨٩؛ ئەحمەد، ٢٠٠٥ز، و٣٢٩)، وەک ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤیش چەمکەکانی ( Race,Gender,Sex) بەکارهاتوون، کە ڕەگەزناسی (Ethnology)شی پێی دەگوترێ ( ناوخۆش، ٢٠٠٨ز، ل١٠٠).

لـە میانـەی ئـەو زانیارییانـەی خسـتمانە ڕوو دەربـارەی چەمکەکـە، بۆمـان دەرکـەوت کـە چەمکەکـە واتـای جۆراوجـۆر لـە خـۆ دەگـرێ بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی واتـاکان دەچنـەوە سـەر چوارچێـوەی ئـەو واتـاو مەبەسـتەی ئێمـە دەمانەوێـت و بـە ئامانجـمان گرتـووە، کـە بـە چەنـد خاڵێـک دەیخەینـە ڕوو:

١-ئەگەرچـی چەمکـی (عُنْـصُر) لـە زمانـی عەرەبییـدا بـەو واتایانـە هاتـووە لەوانـە:( ڕەچەڵـەک، نـەژاد، پێویسـتی، لێهاتوویـی، چالاکـی، زیرەکی...هتـد)، یـان لـە کۆنـدا بـۆ چـوار ڕەگـەزە سـەرەتاییەکانی پێکهێنەرەکانـی وەک ئاگـر ئـاوو خـاک و هـەوا بەکارهاتـووە، بـەڵام ئـەوەی بابەتـی ئێمەیـەو خزمـەت بـەو توێژینەوەیـە دەکات، ئـەو واتایەیـە کـە بەڵگـە بـێ لەسـەر یەکـەو کـرۆک و پێکهێنـەری شـتێک.

٢- ئەوەی لە فەرموودەکان دەخوێندرێتەوە زیاتر ئەوەیە کە چەمکەکە زیاتر بە ڕێژگەو سەرچاوەو چاوگ هاتووە.

٣- لـە چەنـد گۆشـە نگایەکـەوە خوێندنـەوە بـۆ چەمکەکـە کـراوە بۆنموونـە لای (ابـن سـینا) (عُنْـصُر) ئـەو سـەرەتایەیە کـە بەهـۆی گۆڕانـی شـێوەگەلێک دروسـت دەبـێ و بـەو هۆیەشـەوە بوونـەوەری جۆراوجـۆر پەیـدا دەبـن، بـەڵام لای (الخوارزمـي) شـتێکی سـادەی سـەرەتاییە کـە پێکهاتەکەنـی لـێ پێـک دێـن. لـە زانسـتی کیمیـادا توخمێکـی سـەرەتایی کـە ناتوانـرێ سـادەتر بکرێتـەوە، بـەڵام لـە زانسـتی فیزیـا ئـەو توخمانـەن یـەک دەگـرن و ئاوێتـە پێـک دەهێنـن.

٤- لـە زمانـی ئینگلیزیشـدا زیاتـر ئاماژەیـە بـۆ ڕوانگـە زانسـتییەکەی کـە بـە خـاڵ هێـڵ و ڕووی پێکهێنـەری شـێوەیەکی ئەندازەیـی یـان بـە توخـم و کـرۆک و یەکـەی پێکهێنـەری هـەر شـتێک گوزارشـتی لـێ کـراوە.

کاتێـ لـە چەمکـی (العَنْـصَرَة) ورد دەبینـەوە کـە یەکێـک لـە واتاکانـی شـوێنیکی دیاریکـراو بـۆ کۆبوونـەوەو بۆنـە ئایینیەکانـە، کەواتـە شـوێنگەی ئەنجـام دانـی ئـەو بۆنانەیـە، دەتوانیـن بڵێیـن ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەتیش گۆڕەپـان و مەیدانـی نمایشـی شارسـتانییەتن، لـە لایەکـی دیکـەوە وەک چـۆن چەمکـی ( العُنْـصُريّ) دەمارگیـری و ئەنجامدانـی دۆسـتایەتیی و خۆبەرییکردنـە لەسـەر بنەمایـەک کـە هۆزگەرایەتییـە یـان نەژادگەرێتییـە، شارسـتانییەتیش دەگەڕێتـەوە بـۆ بنچینـەو بنەماگەلێـک کـە ڕەگەزەکانـی و پێکهێنەرەکانییەتـی.

ئـەوەی لـە فەرموودەکانـی پەیامبەر(د.خ)شـدا هاتـووە کـە چەمکـی (عُنصُر) بـە سـەرچاوەو ڕێژگەی ئـاو لێکدراوەتەوە، سـەرچاوەو ڕێژگـەی شارسـتانییەیش ڕەگەزەکانییەتی.

ئـەو بۆچوونـەش کـە ڕاڤـەی چەمکـی ڕەگەز(عُنْصُر) بـە سـەرەتایەک کـردووە کـە بـە گۆڕانـی بوونـەوەری جۆراوجـۆری لـێ پەیـدا بـووە، یـان سـەرەتایەکەو بـووە بـە بنەمـا بـۆ شـتێک وەک ووشـە بـۆ ڕسـتەو یـەک بـۆ ژمـاردن و بـەرد وخشـت بـۆ بینـا، یـان لـە ڕووی زانسـتی توخمـەکان پێکهێنـەری ئاوێتەکانـن، دەتوانیـن بڵێیـن ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەتیش سـەرەتایەکن بـۆ گۆڕانـە شارسـتانییەکان و توخمـو کـرۆک و ناوکـە پێکهێنـەری شارسـتانییەتن.

# تەوەرەی دووەم

## ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی دیدوبۆچوون و شارستانییەتە جیاوازەکان

لـەم تـەوەرەدا دەمانـەوێ ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت بـە پێـی دیـدو بۆچوونـی فەیلەسـوفان و بیرمەنـدان و توێـژەران بخەینـە ڕوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەنـد نموونەیـەک لـە بۆچوونـەکان وەردەگریـن:

یەکەم: لە دید و بۆچوونی زانایان بیرمەندان و توێژەراندا:

١- ( الماوَرْديّ: ٣٦٤-٤٥٠ک /٩٧٤-١٠٥٨ز):

توێژەرێـک لـە تێـزی دکتۆراکەیـدا کـە لەسـەر (المـاوَرْدي) نوسـیویەتی، ئامـاژەی بـە شـەش ڕەگـەزی شارسـتانی داوە

لـە دیـدی ( المـاوَرْدي)دا، کـە ئـەو وەک ڕەگـەزە پێکهێنەرەکانـی کۆمەڵایەتـی جیهانـی نـاوی بـردوون کـە ئەمانـەن:
- ئایینێکـی پەیڕەوکـراو: کـە ڕەگـەزی یەکـەم لـە ناونیشـانەکەیدا بـە ( پابەندبـوون بـە بنەمایەکـی ئەندازەیـی) هێناویەتـی بـەڵام لـە میانـەی شـیکردنەوەکەیدا ئـەوەی خسـتۆتە ڕوو کە مەبەسـتی لـە ئایینێکـی پەیڕەوکـراوە. ( Fadi, P١١٨ ,٢٠٢١AD).
- سیستەمێکی سیاسی کارا.
- دادپـەروەری هەمەلایەنـە: مەبەسـتی لـە دادگـەری هەمەلایەنـە دوو جـۆری دادگەرییـە دادگەریـی یەکـەم ڕەوشـتی و کەسـی کـە کەسـەکان دادگـەر بـن لەگـەڵ خۆیـان و دەوروەدەریـان، دادگـەری دووەم مەبەسـت لـە دادگـەری دەسـەڵات و دامـودەزگای دادوەرییـە لـە کێشـەو بابەتـە جۆراوجۆرەکانـدا. ( Fadi, P١٢١ ,٢٠٢١AD-١٣٢).
- ئاسایشـی گشـتی: سـەبارەت بە ئاسایشـی گشـتیش ئەوەی خسـتۆتە ڕوو کە ئاسایشـی گشـتی لەسـەر سـێ ئاسـتە، ئاسـتی یەکـەم مەبەسـتی ئاسایشـی ناوخـۆو دەرەوەی دەوڵەتـە، ئاسـتی دووەم ئاسایشـی تاکـە لـەڕووی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی، ئاسـتی سـێیەم ئاسایشـی کەسـییە کـە ناوی لێنـاوە ئاسایشـی بوونگـەری، کـە مەبەسـت لێـی ئاسایشـی بـاوەڕە. ( Fadi, P١٣٣ ,٢٠٢١AD).
- خۆشـگوزەرانی ئابـووری گشـتی: خۆشـگوزەرانی ئابـووری گشـتی ئەوەیـە کـە خەڵکـی بـێ جیـاوازی لـە زیندەگییەکـی خۆشـدا بژیـن و دوور بـن لـە سـتەم و چەوسـانەوە. ( Fadi, P١٣٥ ,٢٠٢١AD).
- گەشـبینی قـووڵ، گەشـبینی قووڵیـش ئەوەیـە خەڵـک لـە ڕێـی ئومێـد بـوون بـە بەزەیـی و میهرەبانـی خـوا، زۆر گەشـبین بـن بـۆ داهاتوویـان ، بـۆ زانیـاری لەسـەر تـەواوی وردەکاتییەکانـی (Fadi, P١١٨ ,٢٠٢١AD-١٣٧).

توێـژەر بـە تێروتەسـەلی بـە جیـا هەریـەک لـە ڕەگەزەکانـی شـرۆڤەکردووە، بـەڵام چونکـە لێـرەدا دەرفەتـی خستنەڕووی شـرۆڤەکانمان نییـە، بۆیـە تەنهـا هەوڵمانـدا زۆر بـە کورتـی شـیکردنەوە بـۆ ئـەو ڕەگـەزە شارسـتانییانە بکەیـن خسـتوونیەە ڕوو ورەنگـە لای خوێنـەر ناڕۆشـن بـن.

٢- (إبْنُ خَلْدون: ٧٣٢-٨٠٨ک/ ١٣٣٢-١٤٠٥ز):

(إبْـنُ خَلْـدون) وەک یەکێـک لـە شـارەزایانی بـواری شارسـتانییەت، چەنـد پێکهێنەرێکـی شارسـتانی خسـتۆتە ڕوو و وەک ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت گوزارشـتی لـێ کـردوون، لەوانـە ( دانیشـتووان، سـامان، بازرگانـی، پیشەسـازی، زانسـت، هونـەر، جوگرافیـا، شارنشـینی، ئاییـن، دەمارگیـری) (Akbarian, p٢٩ ,٢٠١٨AD).
- شارنشـینان ( دانیشـتووان): دیـارە (إبْـنُ خَلْـدون) لـە چوارچێـوەی کۆبوونـەوەی مرۆیـی باسـی لـەو ڕەگـەزە کـردووە، ئامـژەی بـەوەداوە کـە لـە بەپێـی وتـەی دانایـان کـە گوتوویانـە ( مـرۆڤ بـە سروشـتی شارنشـینە)، جونکـە مـرۆڤ ناتوانـێ بـە تەنهـا کاروبارەکانـی خـۆی ڕایـی بـاکات، لـەم سۆنگەشـەوە ئامـاژەی بـەوە داوە کـە لـە کاتێـک مـرۆڤ پێویسـتی بـە خۆراکـە بـەلام ناتوانـی ئـەو خۆراکـە بـە تەنهـا بۆخـۆی دابێنـی بکـە بـۆ نموونـە لـە پێویسـتی بـۆ گەنـم و بەرهەمهێنانـی ئامادەکردنـی بـۆ خـواردن پێویسـتی بـەوە هەیـە گەنمەکـە بچێنرێـت و بدووریتـەوەو بکـرێ بـە ئـارد و دواتـر بـە هـۆی تەنـوورەوە بکـرێ بـە نـان، ئـەو ئامادەکردنـەش پێویسـتی بـە کۆمەڵێـک کەلوپـەل هەیـە کـە درووسـتکردنی ئـەو کەلوپەلانـەش پێویسـتی بـە چەنـد پیشـەیەک هەیـە وەک: (ئاسـنگەری، ئەشـەوانی، دارتاشـی، گڵـکاری)، ئەمـەو مـرۆڤ بـە تەنهـا ناتوانـێ ڕووبـەڕووی ئـەو مەترسـییانە بێتـەو کـە دێنـە ڕێـگای، لێـرەوە پێویسـتی بـە کۆبوونـەوەو هـاوکاری کەسـانی دیکـە هەیـە، بـۆ ئـەوەی بـە کـۆی تواناکانیـان پێویسـتییەکانی یەکـتری پـڕ بکەنـەوە، بەمـەش کۆبوونـەوەی مرۆیـی هاتۆتـە ئـاراوە کـە چەمکێکە(إبْـنُ خَلْـدون) بـەکاری هێنـاوەو لـە جێگـەی چەمکـی شارسـتانییە (ابـن خلـدون، ٢٠٠٤ز، ج١، صـص١٣٧-١٣٨؛ خـدر، ٢٠١٥ز، لل٥٨-٥٩).

- سامان: سامان لە سۆنگەی گواستنەوەی کۆمەڵگاوە لە سارانشینییەوە بۆ شارستانی و دامەزراندنی دەوڵەتەوە دێتە ئاراوە، لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵگا ڕووەو خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت و بەمەش هەمە چەشنەیی لە خۆشگوزەرانی و باشکردنی شێوەو حاڵەتەکانییدا دێتە دی، هەروەها هەوڵ و خەرجی ئەو پیشەگەرییانەیە کە جوانکاری دەکرێت لە جۆرەکانی و تەواوی لایەنە هونەرییەکانییدا، وەک لایەنە هونەرییەکانی ئامادەکردنی خواردن و جلوبەرگ و خانوبەرەو ڕاخەر و قاپ و قاچاغ و تەواوی شتەکانی دیکەی نێو ماڵ، کاتێکیش ئەو گوشادییە لە زیندەگی و هونەرکارییە لە حاڵەتەکانییدا هاتە دی، ئەوا دەگەن بە ئامانجەکانیان و حاڵ و بارودۆخیان بە ئاراستەی گوزەرانخۆشی شارستانییەت دەگۆڕێت ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٣٣٨، خدر، ٢٠١٥ز، ل١٢٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (ابن خلدون) ڕەگەزە ئابوورییەکان و سەرچاوە ئابووریەکانی کردووە بە هۆکاری گواستنەوەی کۆمەڵگە لە سارانشینییەوە بۆ شارستانییەت ( النعیمی، ٢٠١٣م، ص٦٠٩).

- کشتوکاڵ : کشتوکاڵ لای ( إبْنُ خَلْدون) یەکەم ڕێگەو رووکاری ژیانە، کە بەلای ئەوەوە شێوەی هەرە سەرەتایی و ساکارییەتی و پێویستی بە تێڕامان و زانست نییە، ئەمەو پێی وایە ئادەم (س.خ) یەکەم کەس و مامۆستاو فێرکاری یەکەمی ئەو ڕێگەیەیە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٨).

- پێشەسازی: پێشەسازی لای ئەو بە دووەم ڕێگەی زیندەگی و ژیان دانراوە دوای کشتوکاڵ دواتر دەرکەوتووە، ئەو ڕێگەیە پێویستی بە وردبوونەوەو تێڕامان بووە بۆیە پێی وایە لە قۆناغی شارنشینی کە دوای قۆناغی سارانشینی هاتووە دەرکەوتووە و سەرەتاکەشی گێڕاوەتەوە بۆ پەیامبەر ئیدریس (س.خ) ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩).

- بازرگانی: (إبْنُ خَلْدون) بازرگانی لە ڕیزی پیشەسازی و کشتوکاڵکردن داناوە، کە پێی وایە ئەمانە ئەو شتانەن ژیانی مرۆڤی لەسەر وەستاوەو دەسمایەی هەرە سەرەکی مرۆڤ ژیان و زیندەگییەکەیەتی، ئەمەش بە هەوڵدان لەو ڕێگایانەوە وەگیر دەکەوێ کە یەکێکیان بازرگانییە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩).

- جوگرافیا: لە ڕووی جوگرافییەوە ئەو بە پێی ئەو تێڕوانینە جوگرافییەی لە سەردەمی ئەو دا باوبووە، دیدو بۆچوونەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، کە بە تێڕوانینە جوگرافییەکە زەوی دابەش کراوە بۆ سەر حەوت هەرێم. ( إبْنُ خَلْدون ) پێی وایە لەو حەوت هەرێمە هەرێمی باکوور زۆر ساردو هەرێمی باشوور زۆر گەرمن، کە هەرێمەکانی حەوت و یەک دەگرێتەوە، جا لەو گۆشەنیگا جوگرافییەوە پێی وایە ئەو هەرێمەی کەوتۆتە ناوەڕاست کە هەرێمی چوارە مامناوەندترین هەرێمە لە ڕووی کەشوهەواوە، ئەمەو کەنارەکانی نزیک لە هەرێمی چوار لە هەردوو هەرێمی سێ و پێنج لە هەرێمەکانی تر مامناوەندترن، دوای ئەوانیش هەرێمەکانی دوو و شەش دێن، دوورترین هەرێمیش لە کەشوهەوای مامناوەند هەرێمەکانی حەوت و یەکن، ئەمەو پێی وایە بە پێی ئەو دابەشکارییە جوگرافییە خەڵکیش لە ڕووی شارستانییەوە دابەش دەبن، کە پێی وا یە زانستەکان و پیشەکان و دەرکەوتنی بیناکاری و پۆشاک و تەنانەت دانەویڵەو میوەو ئاژەڵەکانیش چەقی دەرکەوتن و کۆبوونەوەیان هەرسێ هەرێمی چوارو سێ و پێنجن، دانیشتوانیشیان مامناوەندترینن لە ڕووی لاشەو ڕەنگ و ڕەوشت و ئایینەوە، تەنانەت پێی وایە هەر بەو هۆیەشەوەیە کە زۆربەی پەیامبەرانیش هەر لەو هەرێمانە دەرکەوتوون ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص ١٨٩؛ النعیمی، ٢٠١٣م، ص٦٠٩).

- زانست: دەربارەی زانستیش ئاماژەی بەوە داوە کە زانست و فێرکردن سروشتین لە ئاوەدانکاری مرۆییدا، پێی وایە مرۆڤ لە ڕوانگەی هەست و جوڵەو خواردن جیاوزی نییە لەگەڵ زیندەوەرانی دیکە، بەڵام ئەوەی جیایدەکاتەوە بیرو ژیرییەکەیەتی، ئەو بیرو ژیرییەش بنچینەو بنەمای زانستەکان و پیشەکانە، ئەمەو پێی وایە زانستەکان هاوشێوەی پیشەکانن لە جوراوجۆرێتی و لقی جیاجیادا، ئاماژەی بەوەش داوە کە هاوشانی گەشەی شارستانی زانستەکانیش

ئاوێزانـی شارسـتانییەتن و لەگەڵییـدا گەشـە دەکـەن ( ابـن خلـدون، ٢٠٠٤ز، ج٢، ص١٦٥-١٧٠).

- هونـەر: دیـارە کـە باسـی هونـەر دەکرێ پێناسـەگەلی جۆراوجـۆری بۆ کراوە کـە لێرەدا دەرفەتی خسـتنە ڕووی  پێناسـەکانمان نییـە، لـە دیـدی (إبْـنُ خَلْـدون) دا بـەو واتـاو ناسـاندنە نەهاتـووە کـە کـە لـە دوای ئـەوو تـا ئەمـڕۆ بـۆ چەمکەکـە کـراوە، لێـرەدا تێکەڵییـەک ڕوویـداوە لـە نێـوان هـەردو پیشـەی هونـەر و هونەرمەنـدان، وە لـە نێـوان هونەرمەنـدان و پیشـەوەران لـە لایەکـی دیکـەوە، کـە نەکـرا لێـک جیـا بکرێنـەوە تـا سـەردەمی بوژانـەوەی ئەوروپـی ( لعیبـي، ٢٠١٠م، ص١٢)، (إبْـنُ خَلْدون)یـش بەهەمـان شـێوە هونـەری لـە چوارچێـوەی پیشـەگەرییەکاندا وێنـا کـردووە بـۆ نمونـە کاتـێ باسـی هونـەری گۆرانـی کـردووە، بـە پیشـەی گۆرانـی (صناعـة الغنـا) نـاوی بـردووە ( ابـن خلـدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص١٣٠).  کەواتـە ئـەو مەبەسـتی لـە هونـەرو هونەرکارییـە لـە چوارچێـوەی پێشـەکانی وەک: (نەخشـاندن، ئەندازیاریـی ناوەکـی، نەخشەکێشـانی خانوبـەرەو ڕازاندنـەوەی، دارتاشـی، لێدانـی دراو، پۆشـاک: چنیـن و دوورین، هونەرەکانـی نوسـینی عەرەبـی، گۆرانی...هتـد) (لعیبـي، ٢٠١٠م، ص١٢).

- دەمارگیـری : دەمارگیـری بنچینـەو بناغـەی دەوڵەتـە، شارسـتانییەتیش لای (إبْـنُ خَلْـدون) وابەسـتەی دەسـتەڵاتەو خەڵکـە شارسـتانییەکەش دەسـتوپێوەندەکانی دەوڵەتـە لـە قۆناغـی هەرەسـییدا ( الجابـري، ١٩٩٤م، ص٢٨٨)، کەواتـە لێـرەوە دەتوانیـن بڵێیـن دەمارگیـڕی ڕەگـەزی شارسـتانییەتە، چونکـە لـە دەمارگیرییـدا گەورەیـەک سـەرۆکایەتی خێزانێـک یـان تیرەیـەک دەکات و سـوود لـە هێزیـان وەردەگـرێ  ( خـدر، ٢٠١٥ز، ل ٨٩)، ئەمـەو چەنـد دەمارگیرییـەک یـەک دەگـرن و لـە نێویانـدا کامـە دەمارگیرییـە بەهێزتـر بـوو زاڵ دەبێـت بەسـەر هەموویانـدا و لـە چوارچێـوەی دەمارگیرییەکـی گـەورەدا کۆیـان دەکاتـەوە، لێـرەدا سـەکەوتن و دەسەڵاتگرتنەدەسـت تەنهـا بـە زاڵبـوون دێتـە دی، زاڵبوونیـش تەنهـا بـە دەمارگیـری وەدی دێـت ( ابـن خلـدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٢٦١، ٣٢٩؛ النعیمـي، ٢٠١٣م، ص٦٠٩-٦١٠). بـەم شـێوەیە دەمارگیـری دەبێـت بـە ناوکـە پێکهێنـەری شارسـتانییەت کـە خـۆی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـدا دەبینێتـەوە لـە دیـدی ئـەو بیرمەنـدەدا.

- ئاییـن: لای ئـەو هەرچەنـدە زاڵبـوون بـە هـۆی دەمارگیرییەوەیـە، بـەڵام گوتوویەتی:»ڕێککەوتـن و  بەیەکـەوە گونجانـی ئـارەزووەکان لەسـەر خواسـتەکانیان و کۆکردنـەوەی دڵـەکان هۆگربوونییـان بەیەکـەوە، ئـەوە بـە یارمەتـی خـوا دەبـێ لـە ڕێـی جێبەجێکـردن و بەرپاکردنـی ئایینەکـەی،... چونکـە دڵـەکان کاتێـک مەیلییـان بـەلای هـەواو ئـارەزوو وشـتە بێبایەخـەکان و دنیـادا کـرد، دەکەونـە ململانـێ و کێبڕکـێ و جیاوازییـەوە، بـەڵام کاتێـک ڕوویـان کردە راسـتی و شـتە بێبایەخـەکان و دنیایان وەلا نـا و ڕوویـان کـردە خـوا، ئـەوا یەکدەگـرن و کێشـەو ململانێکانیـان و جیاوازییەکانیـان نامێنێـت، بـەرەو باشـی دەچـن لـە هـاوکاری یەکترکـردن و پشـتییەکترگرتن، بەمـەش چێـوەو سـنووری یـەک وتەبوونیـان فراوانـتر دەبێـت و دەوڵەتەکەشـیان و دەسەلاتیشـییان گـەورە دەبـێ» ( ابـن خلـدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٣١٣)، کەواتـە دەمارگیـری بـە پاڵپشـتی ئاییـن دەتوانـێ ببێتـە ڕەگـەزی کارای شارسـتانییەت و ئایینیـش بـە هـاوکاری دەمارگیـری هەمـان ڕۆڵـی ئـەو ڕەگـەزی شارسـتانیبوونە دەگێـڕێ.

٣،٤- : ( ئیمێل دۆرکهایم- Émile Durkheim) و ( ماکس ڤیبەر – Max Weber):

هەریـەک لـەم دوو زانایـە ئاماژەیـان بـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت کـردووە، کـە (دۆرکهایـم) پێـی وایـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت بریتییـن لـە: ( ئاییـن، ئابـووری، زمـان، هونـەر زانسـت)، بـەڵام لای (ڤیبـەر) بریتییـن لـە: ( یاییـن، ئابـووری، سیاسـەت، هونـەر، زانسـت)، ئـەوەی تێبینـی دەرکـرێ لێـرەدا ئەوەیـە کـە هـەردوو کیـان لەسـەر ڕەگەزەکانـی ( ئاییـن، ئابـووری، هونـەر زانسـت) هاوران،بـەڵام لـە لیسـتی ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت لای (دۆرکهایـم) ڕەگـەزی سیاسـەتی تێـدا نییـە، لـە لیسـتەکەی (ڤیبەر)یـش ڕەگـەزی زمانـی تێـدا نییـە، هـۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە (دۆرکهایـم) سیاسـەتی بـە یەکێـک لـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت نەزانیـوە و زمانـی بـە یەکێـک لـە ڕەگـەزەکان دانـاوە، بـەڵام (ڤیبـەر) بـە

پێچەوانـەوە سیاسـەتی بـە ڕەگەزێکـی شارسـتانی دانـاوە، لـە کاتێکـدا( زمـان)ی وەک ڕەگەزێـک ڕەت کردۆتـەوە ( Richard, ٢٠١٠AD, P٢٧).

٥- (تایلۆر- Tylor) :

ئـەو ئامـاژەی بـەوە داوە کـە کەلتـوور یـان شارسـتانیەت، ئـەو کۆیـە ئاڵۆزەیـە کـە لـە (زانیـن، باوەڕ،هونـەر، ئەخلاق، یاسـا، داب و نەریـت، ئـەو خووانـەی کـە مـرۆڤ وەک ئەندامێکـی کۆمەڵـگا بەدەسـتی هێنـاوە) پێـک هاتـووە (Tylor, ١٨٩١AD, p١).

٦- (گوستاڤ لوبون – Lebon):

پزیشـک و کۆمەڵناسـی فەڕەنسـی (لوبـون) ڕەگەزەکانـی شارسـتاتییەت لـە چوارچێـوەی بـەراوردی نێـوان عەڕەبـەکان کـە لـە ئیسـپانیا بـوون پێشـتر لەگـەڵ مەسـیحییەکان کـە عەڕەبەکانیـان دەرکـرد کـردووە، ئامـاژەی بـەوە داوە کـە ئیسـپانیا ئـەو کات دوو نـەوەی لـە وەچەکانـی ئـادەم بەخـۆوە بینییـوە، یەکەمیـان مەسـیحیە گاورەکان بـوون دەسـتیان بـە جڵـەوی سـەربازییەوە گرتبـوو، دووەمیشـییان عەڕەبـەکان بـوون کـە دەسـتییان بـە لایەنـی شارسـتانیی ماددییـەوە گرتبـوو، لـەم ڕوانگـەوە گوتوویەتـی:» بوونـی ئـەو دووە پێویسـت بـوو، چونکـە ئەگـەر دەسـەڵاتی سـەربازی بـەس بـێ بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێـک، ئـەوە بـە تەنهـا ناتوانـێ بەردەوامـی بـدا بـە دەوڵەتەکـە، چونکـە گەشـانەوەو بـەرەو پێشـەوەچوونی ئـەو دەوڵەتـە بـە پاڵپشـتی و هاندانـی هەنـدێ ڕەگـەزی شارسـتانییەوە نەبـێ نایەتـە دی، پەیوەسـتبوون و یەکگرتوویـی ئـەو دەوڵەتـەش زۆر درێـژە ناکێشـێ بـە مانـەوەی ئـەو ڕەگەزانـەوە نەبـێ، ئـەوەش هەمـان ئـەو شـتەیە کـە تووشـی ئیسـپانیا بـوو دوای دەرکردنـی عـەڕەب لێـی، کـە هەڵوەسـانەوەو پەرتەوازەیـی جێـگای باڵادەسـتی گەشـانەوەی گرتەوە،...ئەمـەو لـە سـۆنگەی ئەوپەرتەوازەییـەی کـە دوای پێچۆڵکـردن و کوشـتنی عـەڕەب بەسـەر ئیسـپانیادا هـات، وای لێکردیـن بتوانیـن بڵێیـن مێـژوو هەواڵـی نەتەوەیەکـی وەک ئیسـپانییەکانی بـۆ نەگێڕاینـەوە کـە لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـدا بـۆ هـەرە پلەکانـی خـوارەوە دابـەزی، چونکـە (زانسـتەکان، هونـەرەکان، کشـتوکاڵ، پیشەسـازی) نەمـان و لەچـاو ون بـوون و هەمـوو ئـەو شـتانەی زۆر پێویسـت بـوون بـۆ نەتـەوەی وڵاتـی (ئیسـپانیا) بـە خێرایـی ون بـوون و نەمـان، بـە شـێوەیەک دەگای کارگـە گـەورەکان داخـران و کشـتوکاڵ فەرامـۆش کـراو لادێکانـی بـوون بـە چۆلگـەو، بـە هـۆی ئـەوەش کـە شـارەکان بـە بـێ پێشەسـازی و گشـتوکاڵ گەشـە ناکـەن، ئەمـە وای کـرد شـارەکانی ئیسـپانیا بـە شـێوەیەکی خێـراو مەترسییدارچۆڵ بـوون لـە دانیشـتووان ( لوبـون، ١٩٦٩م، ص٥٨٤)

٧- (ڕالف لینتون - Ralph Linton) :

ئـەو زانایـە بـە شـێوەیەکی پەرشـوبڵاو لـە کتێبەکەیـدا باسـی لـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت و جیاوازیـان بـە پێـی شارسـتانییەتەکان و کاریگەرییـان کـردووە، کـە هەنـدێ لـەو ڕەگەزانـەی ئامـاژەی پێـداون ئەمانـەن: ( ئاییـن، هونـەر، سیسـتەمی حوکـم، پیشەسـازی، کشـتوکاڵ) ( رالـف، ٢٠١٠م، ج١، صـص٧٥، ٧٨، ٨٨، ١٤٩).

٨- (مالِکُ بْنُ نَبيَ):

(إبْـنُ نَبـيَ) گوتوویەتـی: « هـەر کاتـێ بمانـەوێ بیـر لـە بنیاتنانـی شارسـتانییەت بکەینـەوە یەکـەم شـت کـە پێویسـت بـێ لەسـەرمان ئەوەیـە، کـە دەبـێ بیـر لـە ڕەگەزەکانـی بکەینـەوە وەک چـۆن کەسـێکی کیمیـازان بیـر لـە ڕەگەزەکانـی ئـاو دەکاتـەوە، کاتێـک دەیـەوێ پێکهاتەکانـی بزانێـت، چونکـە ئـەو بـە شـێوەیەکی زانسـتی شـیکردنەوە بـۆ ئـاو دەکات، دەبینـێ پێکهاتـووە لـە دوو ڕەگـەز کـە {هایدرۆجیـن} و { ئۆکسـجین}ن، پاشـان لێکۆڵینـەوە لـەو یاسـایە دەکات کـە بـە هۆیـەوە ئـەو دوو ڕەگـەزە یەکیـان گرتـووە بـۆ ئـەوەی ئاومـان پـێ بدەن...کاتێـک ئێمـەش شـیکردنەوە بـۆ بەرهەمەکانـی شارسـتانییەت

دەكەین ... دەبینین پێكهاتووە لە سێ ڕەگەز...» (٢٠٠٢م، ص١٧٠)، جا وەک چۆن {هایدرۆجین، ئۆكسجین} دوو ڕەگەزی پێكهێنەری ئاون، ڕەگەزەكانی پێكهێنەری شارستانیش{ مرۆڤ، خاک، كات}ن ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٧):

-مرۆڤ: ڕەگەزی یەكەمی هەر بەرهەمێكی شارستانی مرۆڤە، چونكە ئەو بەرهەمە شارستانییە سەرەتا بە بیری مرۆڤدا هاتووەو دواتریش هەر بە دەستی ئەو مرۆڤە هاتۆتە بەرهەم و مرۆڤ لەهەردوو ڕێگەی بیر و دەستەوە ڕەگەزە بۆ پێكهاتنی بەرهەمە شارستانییەكان، چونكە بەرهەمەكە هی مرۆڤە بە هۆی ئەوەی مرۆڤ خۆی دروستكەری هەموو داكەوتە كۆمەڵایەتییەكانە، سەرەتاش پەروەردەكەرو پێگەیەنەری خودی خۆیەتی وەک بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٥؛ إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧٠).

- خاک: دەربارەی ئەو ڕەگەزە گوتوویەتی:» لێرەدا خاک بەو واتایە نییە كە بە بیرمان دادێ، بەڵام بە ئەنقەست چەمكی خاكم بەكارهێناوە لە بری مادده لەبەر چەند هۆكارێک، لەوانە مرۆڤ بە دوو شێوە پەیوەستە بە خاكەوە، شێوەیەكییان خاوەندارێتییە لە ڕوانگەی ئەو یاسای خاوەندارێتییەی كە بۆ تاک گرێنتی كۆمەڵایەتی دەستەبەر دەكا، چونكە خاک لێرەدا شتێكی زیندەكییە لە كۆمەڵگەدا لە ڕوانگەی یاساگەرییەوە، شێوەی دووەمیان ڕوانگەی زانستی خاک و ئەو زانیارییانەی پەیوەستن پێیەوە وەک زانستی كیمیاو هی دیكەش، جا لێرەدا مەبەستمان لە خاک ئەو دوو ڕوانگەیە: ڕوانگەی یاساگەری و ڕوانگەی زاڵبوونی هونەری و بەكارهێنانی هونەری (إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧٠-١٧١).

- كات: ئەو ماوەیەیە كە پێشكەش دەكرێ بۆ ئەو بەدوایەكدا هاتنانەی پەیوەستە بە زانستی كۆمەڵایەتییەوە، واتە ئەو درێژبوونەوە كاتییەی كە پێویستە بۆ گەشەكردن و تیروتەواو بووونی بەرهەمە شارستانییەكە ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٥.

(إبْنُ نَبيَ) هەر سێ ڕەگەزەكەی لەسەر دوو لە بەرهەمە شارستانییەكان جێبەجێكردووە، یەكەمیان دروستكرن و بەرهەمهێنانی كاغەزە لە شارستانی ئیسلامییدا و دووەمیشییان داهێنانی گڵۆپی كارەبایە لەشارستانی ڕۆژئاوادا و ڕوونی كردۆتەوە كەچۆن ئەو بەرهەمە شارستانییانە بە پێی ئەو ڕەگەزانە هاتوونەتە بەرهەم (٢٠٠٠م، ص٥٤-٥٥؛ ٢٠٠٢م، ص١٧٠-١٧١).

شیكردنەوەی هاوكێشەكەش لای ئەو بیرمەندە بەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانی كاغەزدا:

بەهەمی شارستانی ( لێرەدا كاغەزە)= مرۆڤ + خاک + كات .

بۆ بەرهەمە شارستانییەكانی دیكەش بە هەمان شێوەیە:

بەهەمی شارستانیی یەكەم = مرۆڤ + خاک + كات .

بەهەمی شارستانیی دووەم = مرۆڤ + خاک + كات .

بەرهەمی شارستانیی سێیەم = مرۆڤ + خاک + كات .

ئەمەو پێی وایە بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێكی شارستانی هاوكێشەكەی بەهەمان شێوەی هاوكێشەی كەسێكی كیمیازانە كەتێک هاوكێشەی پێكهاتنی ئاو بەم شێوە دەخاتە ڕوو:

ئاو = هایدرۆجین + ئۆكسجین .

لە كۆتاییدا هاوكێشەی كۆی بەرهەمهێنانی شارستانییەت بەم شێوەی لێ هاتووە:

شارستانییەت = مرۆڤ + خاک + كات . ( إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧١).

شتیكی گرنگی تر ماوە لە دیدی ئەو بیرمەندە، ئەویش ئەوەیە كاتێک (هایدرۆجین) و ( ئۆكسجین) یەک دەگرن و ئاوێتەی ئاو پێک دەهێنن، بەڵام چ شتێک پاڵنەرو هۆكارە بۆ یەكگرتنی ئەو دوو توخمە بۆ ئەوەی ئاوێتەی

ئـاو پێـک بهێنـن، بێگومـان یاسـایەکی دیاریکـراو دەبێتـە پێکهێنـەر و بـە پێـی ئـەو یاسـایە ئـەو ئاوێتەیـە پێـک دێـت، بـە هەمـان شـێوەش دەبـێ پێکهێنەرێـک هەبـێ بـۆ ئـەوەی لـە ڕەگـەزە شارسـتانییەتییەکانی (مـرۆڤ، خـاک، کات) شارسـتانییەت پێـک بهێنێـت، دەنـا خـۆ هەمـوو کاتێـک ئـەو ڕەگەزانـە هەبـوون بـەڵام چونکـە پێکهێنەرەکـە نەبـووە ڕۆڵـی سـەرەکی خۆیـان وەک ڕەگـەزی شارسـتانی نەگێـڕاوە، ئـەو پێکهێنـەرەش بیـری ئایینییـە، کـە ئـەو نـاوی لێنـاوە پێکهێنـەری شارسـتانیی ( مُرَكِّبُ الْحَضـارَة) و کاریگـەری هەیـە لەسـەر تێکەڵکردنـی سـێ ڕەگـەزەکان و وایـان لـێ دەکا ڕۆڵـی سـەرەکی ڕەگـەزی شارسـتانییەت بگێـڕن، هـەر بۆیـە دەبـێ ئـەو پێکهێنـەرە شارسـتانییە کـە بیـری ئایینییـە کارا بـێ بۆپێکهێنانـی ئاوێتـەی شارسـتانییەت لـە هـەر سـێ ڕەگەزەکـەی تـر ( إبـن نبـي، ١٩٨٦م، صـص٤٥-٤٦).

بۆچوونـی دیکـە هەیـە کـە ئـەو سـێ ڕەگـەزەی بـەم شـێوە هێنـاون ( مـرۆڤ، ژیـان، گـەردوون) ئـەو بۆچوونـە لەگـەڵ (إبْـنُ نَبـيَ) زۆر لەیـەک نزیکـن کـە هەردووکیـان مرۆڤیـان بـە ڕەگەزیکـی شارسـتانی دانـاوە بـەڵام یەکێـک لـە ڕەگـەزەکان لای (إبْـنُ نَبـيَ) خاکـە بـەڵام لـە بۆچوونـی ئـەو توێـژەرەدا گەردوونـە کـە ئێمـە پێـمان وایـە نزیکـن لەیەکـەوە، چونکـە خـاک لای (إبْـنُ نَبـيَ) مەبەسـت لـە خاوەندارێتـی زەوی زانیـاری زانسـتە بـە خـوودی خاکەکـە، لێرەشـادا گـەردوون ئـەو ژینگـەو دەوروبەرەیـە کـە ئێمـە تێیـدا دەژیـن و کاری لەسـەر دەکەیـن شارسـتانییەتی تێـدا بەرپـا دەکەیـن، کەواتـە بۆچوونـەکان زۆر لێـک دوور نیـن، هەرچـی دوو ڕەگەزەکـەی تـرە کـە لای (إبْـنُ نَبـيَ) کاتـەو لای ئـەم توێـژەرە ژیانـە کـە مەبەسـت لـە ژیـان لای ئـەم هەمـوو ئـەو هـەوڵ و خزمـەت و کارانەیـە کـە لـە سـەرەپای ژیانـی گرتۆتـەوەو تـەواوی کایەکانـی ژیانیشـی گرتۆتـەوە، کـە پێـمان وایـە کاتیـش هـەر خـۆی واتـە ژیـان چونکـە ژیانـی مرۆڤایەتـی لـە چرکـەو خولـەک و کاتژمێرانـەی کات پێـک هاتـووە ، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن بۆچوونـەکان لێـک دوور نیـن. (صالـح، ٢٠١٥، صـص١٧٣-١٨٠)

لـە ڕوانگـەی کردارییـەوە توێژەرێـک هەسـتاوە بـە شـرۆڤەکردن و شـەنوکەوکردنی قۆناغـی دەرەبەگایەتـی لـە وڵاتـی یابـان بـە جێبەجێکردنـی بۆچوونەکانـی (إبْـنُ نَبـيَ) لەسـەر قۆناغەکـە و ڕۆڵـی هەرسـێ ڕەگـەزی ( مـرۆڤ، خـاک، کات) لـەو قۆناغـەی وڵاتـی یابانـدا ( یوسـف، ٢٠١٥م، ص١١٤-١٣٠).

دەتوانیـن بڵێیـن پوختـەی بۆچوونـی ئـەو بیرمەنـدە بـۆ ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت ئەوەیـە، کـە یەکـەم ڕەگـەزی بەرهەمهێنـی شارسـتانییەت مرۆڤـە، کـە بـە هێـزی بیـری و توانـای بـازوو و جەسـتەی بەرهەمـی دێنـێ، خاکیـش ئـەو زەمیـن و شـوێنەیە کـە شرسـتانیی تێـدا گەشـە دەکات و کاتیـش ئـەو مـاوە مێژووییەیـە کـە پێویسـە بـۆ بەرهەمهێنـان و گەشـەی شارسـتانییەت.

٩- ( ویل دیوڕانت - Will Durant):

لـە لای ئـەم فەیلەسـوف و مێژوونـووس و نوسـەرە ئەمریکییـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت لـە چـوار شـت خۆیـان دەنوێنـن ئەوانیـش: ( سـەرچاوە ئابوورییـەکان، سیسـتەمە سیاسـییەکان، خونەرییتـە ڕەوشـتییەکان، شـوێنکەوتنی زانسـتەکان و هونـەرەکان) ( Durant, ١٩٥٤AD,P١).

١٠- (ساموێل هنتنگتۆن – Samuel p. Huntington ):

ئـەو کاتێـک پێناسـەی شارسـتانییەتی خسـتۆتە ڕوو گوتوویەتـی» شارسـتانییەت بـە ڕەگـەزە بابەتییـە گشـتییەکانی وەک:{ زمـان، مێـژوو، ئاییـن، نەریتـەکان، دامـودەزگاکان، سـاخکردنەوەی خـودی بـۆ خەڵـک} دەناسرێتـەوەو پێناسـە دەکـرێ»، مەبسـتیش لـە سـاخکردنەوەی خـودی بـۆ خەڵـک بـە ڕای ئێمـە مەبەسـت لەوەیـە کـە سـاخبکرێتەوە ئـەو کەسـەی هەڵگـری پێناسـی شارسـتانییە کێیـەو لـە چ ئاسـتێکدایە، چونکـە هـەر دوای خسـتنە ڕووی ڕەگـەزەکان ئامـاژەی بـەوە داوە کـە لـە لای مـرۆڤ چەنـد ئاسـتێک بـۆ پێناسـی کەسـی هەیـە، بـۆ نمونـە دانیشـتووی ڕۆمـا خـۆی بـە چەنـد پلەیەکـی جیاوازلـە ڕوانگـەی

فراوانی کەسێتی دەناسێنێ، چونکە ئەو ڕۆمانییە، کاسۆلیکییە، مەسیحییە، ئەوروپییە، ڕۆژئاواییە، هەر لەبەر ئەمەشە پێی وایە شارستانییەت بریتییە (ئێمەی گەورە)، چونکە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ناخی خۆماندا هەست بەوە دەکەین کە ئەوە ئێمەین لە ماڵی خۆماندا، لەبەرامبەر (ئەوان)ێک کە لەدەرەوەن.( هنتنجتون، ١٩٩٩م، ص٧١).

١١- ( كابوي عثمان سليمان ):

ئەم توێژەرە لە توێژنەوەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە باسکردن لە شارستانییەت بەبێ ڕوونکردنەوەی ڕەگەزەکانی باسێکی ناتەواوە، کە لە توێژینەوەکەیدا چەند ڕەگەزێکی شارستانی خستۆتە ڕوو و شیکردنەوەی بۆ کردوون ڕەگەزەکانیش ئەمانەن:

- خەڵک: شارستانییەت بەبێ خەڵک بوونی نییە، هەر بۆیە مرۆڤ ڕەگەزی هەرە سەرەکی ماددیە، کە گرنگترین ڕەگەزە لە پێکهاتەی شارستانییدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕاستییەی کاتێک زانایان پێناسەی شارستانییەت دەکەن کورتی هەڵدێنن لەوەی کە شارستانییەت بریتییە لە کۆمەڵگەو پێکهاتەکانی، یان سیستەمی ئابووریی و یاسایی و ڕەوشتییە، یان کۆمەڵگا، بەم پێیەش ڕۆڵی خەڵک هەر دیارترین و کاریگەرترینە، چونکە کە دەگوترێ کۆمەڵگە مەبەست کۆمەڵگەی مرۆییە، ئەمەو پێکهێاتەکانیشی هەمووی هەوڵ کۆشس و بەرهەمی دەستی مرۆڤە، مرۆڤیش ئەو بوونەوەرەیە کە هەموو ئەوەی لە دەوروبەرییەتی لە زەوی و ڕووەک و زیندەوەران تەنانەت بەشێک لە ئاسمانیش لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە. ( Sulaiman-٣١ ,٣٠P ,٢٠١٦AD).

- کەلتوور( ڕۆشنبیری): ئەمیش یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شارستانییەت وێنایەکی تایبەت و گەشاوە بە شارستانییەت دەدات، کە وەک شارستانییەت ئاڵۆزەو دابەش بووە بۆ ڕەگەزە بیناوەکان و نەبیناوەکان، ڕەگەزە بیناوەکان مەبەست لە ڕەگەزە ماددییەکانە وەک: ( خانوبەرە، پیشە دەستییەکان، مادده خۆراکییەکان، کەلوپەلەکان، تەکنۆلۆجیا، پۆشاک، قاپوقاچاغ، ئاهەنگ و بۆنەکان)، بەڵام ڕەگەزە نەبیناوەکان مەبەست لێ: ( هێماکان، زمان، بەهاکان، نەریتەکان، جوانیینییەکان، مۆسیقا، بیروباوەڕەکان، هەڵوێستەکان). ( Sulaiman١, P٣ ,٢٠١٦AD).

- ئایین: ئایین بە بەردەوام ژیانبەخشە بە کۆمەڵگا، بەهۆی ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینێ، لە ڕاستییدا ئایین کۆڵەکەی پێشکەوتن و ڕۆشنبیرییە لە شارستانییەتدا، کە ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینێ لەوانە: ( ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و زۆرێک لە بنچینەکانی هەڵسوکەوتی ڕەوشتی ئەگەر نەڵێین پشت دەبەستن بە ئایین، پێدانی واتا بە ژیان، دابینکردنی ساغی دەروونی، بەهێزکردنی ئۆباڵداریتی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی کاری چاکەخوازی، بەهێزکردنی داهێنان لە هونەر و ئەدەب و زانستەکان، پێشکەشکردنی وەڵامەکان بۆ پرسیارە کۆتاییەکان، پرسیارە بنچینەییانەکان دەبارەی خواو گەردوون و بەهاکان و بوونی خوا. ( Sulaiman, P٣١ ,٢٠١٦AD-٣٢).

- زانینی نوسین و خوێندنەوە: خوێندنەوەو نوسینەوە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ فێربوون و زانست، زانستیش هۆکارە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا لە وەستان و مانەوە لە قۆناغی سەرەتاو کۆنەپارێزی و ژیانی گوندنشینی ونزمی ئاستی بژێوی بەرەو جوڵەی شارستانی و پێشکەوتن و سارنشینیی و ئاستی بەرزی بژێوی بە دوای یەکدا. بە کورتی فێربوون بنچینەیە بۆ تاک و خۆشگوزەرانی پەرەپێدان و کلیلی گواستنەوەو گۆڕانکارییە، لە بەرامبەردا نەخوێندەواری مەترسییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی خرانە ڕوو.

- دەوڵەت ( حکومەتی ناوەند): فەیلەسوفی ئینگلیزی ( تۆماس هۆبز) لە سەدەی حەڤدە داکۆکی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە :" حاڵی کۆمەڵگا بە بێ حکومەت، سەردەکێشێ بۆهەژاری و خراپەو کێوییتی و کەموکوڕی"، بەڵام دروستکردنی دەوڵەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە ستەمکاری چاوچنۆکی و پاراستنی خەڵک و مافەکانییان کارێکی

پێویســتەو و ئەمــەش یاســادانان و جێبەجێکردنــی یاســاکانی دەوێ.

- سیفەتە ڕەوشــتییە ستایشــکراوەکان: ڕەوشــتە جوانــەکان بنەمــاو و کرۆکــی شارســتانییەتن، زۆریــش پێویســتن بــۆ مانــەوەی هــەر کۆمەڵگایــەک.

- تەکنۆلۆجیـا: بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە شارسـتانییەت، چونکـە لەڕێگەیـەوە دەتوانرێـت کارگەلێکـی یەکجـار ئەنجـام بـدرێ بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـە هەبوونـی دەسـتی کاری زۆر هەبـێ و لـە ماوەیەکـی کەمیشـدا، لـە لایەکـی دیکـەوە تەکنۆلۆجیـا بــۆ شارســتانییەتەکان زۆر پێویســتە بــۆ دروســتکردنی بەنــداوەکاوەکان و زاڵبــوون بەســەر لافاوەکانــدا لــە ڕووبــارەکان و ســەرچاوە ئاوییەکانــی تریــش، دروســتکردن و نۆژەنکردنــەوەی جۆگــەو نۆکەنــدو ئــاوەڕۆ کان و گوشــەپێدانی سیســتەمی ئاودێـری و دروسـتکردنی قـەڵاو بینـای گـەورە، کـە تاکـو ئێسـتا تەکنۆلۆجیـا خزمەتێکـی گـەورەی لـە بـواری شارسـتانی پێشــکەش کــردووە ( Sulaiman, P٣٢ ,٢٠١٦AD).

دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی جیاوازی شارستانییەتەکان:

بەپێـی هەنـدێ لـە سـەرچاوەکان هەنـدێ جـۆری ڕەگـەزی شارسـتانی بـە پێـی شارسـتانییەکان دەگۆڕێـت و لـە هەنـدێ ڕەگـەزدا هاوبەشـن و لەهەندێکیشـیاندا جیـاواز:

١- ڕەگەزەکانی شارستانییەتی ئیسلامی:

-ژینگـەی جوگرافـی: مەبەسـت لەوەیـە سـەرهەڵدانی هـەر شارسـتانییەتێک پێویسـتی بـە ژینگەیەکـی جوگرافـی گونجـاو هەیـە، چونکـە بـاران و ئـاوو ڕووبـارو کوشـوهەوای لـە بـارو خاکـی گونجـاو کاریگـەری ئاشـکرایان هەیـە لەسـەر داهێنـان و پێشـکەوتن و سـەرهەڵدانی شارسـتانییەت.

- سیسـتەمی سیاسـی: پێویسـتە کۆمەڵـگا بـە سیسـتەمێکی سیاسـی بەڕێـوە بچێـت، کـە دەسـتەبەری ئاسـاییش و سـەقامگیری بـکات، تـا لەڕێگـەی ئـەو ئاسـاییش وسەقامگیرییەشـەوە بەرهەمهێنـان و پێشـکەوتن بێتـە ئـاراوە، ئەمـەش ئـەو شـتەیە کـە سیسـتەمی سیاسـی لـە ئیسـلامدا لـە کۆڵـی دەگـرێ.

- هـۆکارە ئابوورییـەکان: هـۆکارە ئابوورییـەکان گرنگییەکـی هـەرە گەورەیـان هەیـە لـە پێکهاتنـی شارسـتانییەتدا، چونکـە هۆزێـک لـە هـۆزە سارانشـینەکانی عـەرەب هەرچەنـدە پلـەی زیرەکـی و لێهاتوویـی بـەرز بێـت سـوودی پـێ ناگەیەنـێ تاکـو سـەرچاوەیەکی ئابـووری نەبـێ کـە خـۆراک و ئـاوی بـۆ دابیـن بـکات. ( الونـدة، ٢٠١٨م، ص٨).

- ئاییـن: ئیسـلام هاتـووە داوای کـردووە ببێتـە دەسـتووری ژیـان، لـە هـەردوو شـێوە دنیایـی و دوارۆژییەکەیـدا، وینـای ئەوەی کـردووە کـە بنەمـاو بەهاکانـی کار لەسـەر ئاسـوودەیی دنیـاو دوارۆژ دەکـەن و هانـی مرۆڤـی داوە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی، ئەمـەش پاڵـی پێـوە نـاوە بـۆ سـەرهەڵدانی شارسـتانییەت.

- ڕەوشــت و پــەروەردە: بێگومــان پێویســتە کۆمەڵێــک ڕەوشــت و بەهــا هەبــن بــۆ ڕێکخســتنی کۆمەڵــگا و سیســتەمێکی پەروەردەییــش دەبــێ هەبێــت بــۆ ئــەوەی نەوەکانــی داهاتــووی لەســەر پــەروەردە بکرێــت و وەچەیەکــی پەروەردەکــراو و زانســتپەروەر بێتــە گۆرەپــان و ڕۆڵــی خــۆی ببینــێ لــە بەرپاکردنــی شارســتانییەتدا.

- یەکــەی ڕۆشــنبیری: گومانــی تێــدا نییــە کەلتــوورو ڕۆشــنیری گــەلان پاڵنەرێکــی هــەرە کاریگــەرە لــە دروســتبوونی شارســتانییەتەکان، گەشــەیەکی خێــرا دەدات بــە شارســتانییەت. ( الونــدة، ٢٠١٨م، ص٨-٩).

٢- ڕەگەزەکانی شارستانییەتی ئەوروپا:

( جـۆن هێرسـت) ئامـاژەی بـەوە داوە کـە شارسـتانییەتی ئەوروپـی لەسـەرەتادا لـە سـێ ڕەگـەز پێکهاتـووە کـە ئەمانـە بوون:

- کەلتووری ئیغریق و ڕۆمان.

- مەسیحایەتی، کە لقێکی جیاکراوە بوو لە ئایینی جوولەکە.

- کەلتـووری ئـەو جەنـگاوەرە جێرمانییانـەی کـە پەلاماریـان هێنایـە سـەر ئیمپراتۆرییەتـی ڕۆمانیـی و خۆیـان کـرد بـە نـاو زەوییەکانــی ئیمپراتۆرییەتــدا. ( ۲۰۱۷م، ص١٤-١٥).

ئێمـە پێـمان وایـە مەبەسـت لـە کەلتـووری ئـەم گەلانـە هەمـو ئەوگۆڕانـکاری و پێشـکەوتنە سیاسـیی و کەلتـووری و زانسـتی و هونـەری و پێشەسـازیی و فیکریـی و ئایینییانەیـە کـە گەلەکانـی ئیغریـق و ڕۆمـان و جەنـگاوەرە جێرمانییـەکان بـە دەسـتیان هێنـاوە لەسـەردەمە مێژووییەکانیانـدا لـە ئەوروپـای سـەدەکانی ناوەڕاسـت، لـە کـۆی ئـەوەی خسـتمانە ڕوو دەربـارەی ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت، دەتوانیـن پلەبەندییـەک بـۆ ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت بکەیـن، لـەو ڕوانگـەوە کـە کام لـە ڕەگـەزەکان زۆرتریـن ئـەو بۆچوونانـەی ئاماژەمـان پێـدان، هێناویانـەو بـە ڕەگـەزی شارسـتانییان دانـاوە، بـەو پێیـەش بۆمـان دەرکـەوت زۆرتریـن بۆچـوون لەسـەر ( ئاییـن ) وەک ڕەگەزێکـی دیـاری شارسـتانی کۆکـن، دوای ئاییـن ڕەگـەزی (ئابـووری) و دوای ئابووریـش ڕەگـەزی (زانسـت ) دوای زانسـتیش ( هونـەرەکان) و (سیسـتەمی سیاسـی) هاتـوون، لـە دوای ئەمانیـش ( کەلتـوور) و ئینجـا (ڕەوشـت )، لـە دوای ئەمانـەش ( مـرۆڤ، جوگرافیـا )، دواتـر (زمـان) و لـە کۆتاییشـدا ( دەمارگیـرێ، دادپـەروەری، ئاساییشـی گشـتی، گەشـبینی قـووڵ ).

## ئەنجام و ڕاسپاردە

لـە ڕێگـەی توێژینـەوەی لـەم جـۆرە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە چەمکـی شارسـتانییەت پێـی جیـاوازی پاشـخانی ژیریـی و ئایینـی و نەتەوەیـی و...هتـد، هەرچەنـدە دیـدو بۆچوونـی جیـاواز لـە هەنـدێ وردیاتـی چەمکەکـە دروسـت کـردووە، بـەڵام بەکـۆی گشـتی بـۆ چوونـەکان بـە هەموویـان دەتوانیـن بڵێیـن واتـاو گوزارشـتی چەمکەکـە تـەواو دەکـەن.

لـەم سـەردەمی پـڕ لـە گەشـەی ژیـاری و شارسـتانی و ململانـێ و پێشـبڕکێی گـەلان لـەو بـوارەدا، دەبـێ وا لـە ئێمـەی کـورد بـکات هەرچـی زیاتـرە بـەدوای شـارەزابوونی ئـەو چەمـک و دەسـتەواژانە بیـن، چونکـە چەنـد ئاشـنای چەمـک و دەسـتەواژە شارسـتانییەکان بیـن هێنـدە زیاتـر پێیـان کاریگـەر دەبیـن و لـە نێـو هـەوڵ و کۆششـماندا جێگـە دەگـرن.

هـەر لـەم ڕێگـەوە دەتوانییـن دەستنیشـانی ئـەوە بکەیـن کـە ئایـا ئێمـەی کوردیـش خاوەنـی شارسـتانیین؟ وە ئـەو گەشـە شارسـتانییەی بـە پێـی قۆناغـە مێژوویـیەکان بەخـۆوە بینیـوە؟ وەک ئـەوەی لـە لای گەلـە پێشـکەتووەکان بیـنراوە.

بـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕەگـەز ویەکـەو پێکهاتەکانـی شارسـتانییەت، بـەو ڕاسـتییە ئاشـانا دەبیـن کـە تـا چەنـدە ئـەو ڕەگەزانـە پێکهێنـەری ڕەوڕەوەی گەشـەی شارسـتانی کـوردن؟ یـان لـەو بـوارەدا فەرامۆشـکردن و بێئاگایـی هەیەوتا ئێسـتا وەک پێویسـتە لایەکـمان بـەلای ئـەو بابەتانـەدا نەکردووەتـەوەو.

بـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت بـەو ئەنجامـە گرنگـە گەیشـتین، کـە ڕەگـەزەکان بـە پێـی هەلومەرجـی مێژوویـی و سیاسـیی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی، لـە نەتەوەیـەک بـۆ نەتەوەیـەک و ژینگەیەکـی جوگرافـی بـۆ ژینگەیەکـی جوگرافـی جیاوازییـان هەیـە، وەک جیـاوازی ڕەگەزەکانـی شارسـتانی ئیسـلامی و ئەوروپـی، لـەم ڕێگـەوە بـە دواداچـوون بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە ئایـا، بـە پێـی ئـەو هەلومەرجـە مێـژووی و وسیاسـیی و ئابووریـی کۆمەڵایتییـەی کـورد چ ڕەگەزێـک پێکهێنـەری شارسـتانییەتی کوردییـن.

Historical dimensions and elements of civilization

Researcher Name: Assistant lecturer: Ali Abdulrahman Khadr

PhD student, Koya University, Faculty of EducationEmail: aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

Mobile Number: ٠٧٥٠١٧٩٧٤٩٤

Assistant Professor: Mahdi Usman Hussain

Assistant Professor, PhD student, Koya University, Faculty of Education, Department of History

Abstract:

Because of the importance of the historical dimension of civilization and its genres from a scientific perspective, especially as a current desire to understand how the concept emerged and its genres, this research has been produced According to its uses through language dictionaries and according to different languages and the place of origin of the concept, then the views and understanding of scientists, thinkers and experts in the field about the concept of civilization Similarly, the genres of civilization have been analyzed according to the different uses of languages and their places of use.

At the beginning of the second topic, the views of scientists, philosophers and thinkers about the elements of civilization are explained, which are consensus on some elements and different on some of them They are not classified according to these differences, but according to the views of scientists, philosophers and thinkers.

Keywords: elemant, civilization, The historical dimension.

## پەراوێزەکان

.١ابن فارس: ناوی ( أَبُو الْحُسَيْن أَحْمد بن فَارس بن زَكَرِيَّاء بن حبيب الرَّازِيّ) یە، لە ساڵی ( ٣٢٩ک/٩٤١ز) لە دایک بووە، شارەزای زانستەکانی سەردەمی خۆی بووە، بە تایبەتی لە بواری زمانەوانییدا، لە شاری (ڕەی) نیشتەجێ بووە، خاوەنی چەندین کتێبە، فەرهەنگی ( مقاييس اللغة) یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی، لە ساڵی ( ٣٩٥ک/١٠٠٤ز) مردووە( ابن خلكان، ج١، ص١١٨-١٢٠، الصفدي، ٢٠٠٠م، ج٧، ص١٨١-١٨٣، الزركلي، ٢٠٠٢م، ج١، ص١٩٣).

.٢ درێژەی فەرموودەکە بەم شێوەیە هاتووە:» عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، (ر.ع)، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: لاَ تَلَقَّوُا الرُّكْبَانَ، وَلاَ يَبِيعُ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ يَبِيعُ حَاضِرٌ لِبَادٍ، وَلاَ تُصَرُّوا الْغَنَمَ وَمَنِ ابْتَاعَهَا فَهْوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ بَعْدَ أَنْ يَحْتَلِبَهَا إِنْ رَضِيَهَا أَمْسَكَهَا وَإِنْ سَخِطَهَا رَدَّهَا وَصَاعًا مِنْ تَمْرٍ» واتە: لە (ئەبو هوڕەیرە)وە کە پەیامبەر(د.خ) فەرموویەتی: مەڕۆن بە پیری بارەوە-پێش گەیشتن بە بازاڕ- هەندێکتان مامەڵە مەکەن بەسەر مامەڵەی هەندێکتانەوە، وە زەم مەکەن بەسەر یەکترییدا- مەبەست فێڵکردنە- شارنشین شت نەفرۆشێت بۆ بسارانشین وە گوانی ئاژەڵ مەبەستن هەر کەسێک ئەو ئاژەڵە بکڕێت، ئەوە سەرپشکە لە هەڵبژاردنی کامەیان بە جاکی بزانێت،

ئەگەر پێی ڕازیی بوو هەڵیبگرێتەوە، وە ئەگەر ڕازی نەبوو بیگێڕێتەوە لەگەڵ مەنێ خورما» بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( الشافعي، ١٩٩٦م، ص٣١٠) .

٣. شیشرۆن: ناوی (شیشرِۆن مارکوس تولیوس/ Ciceron, Markos Tulius)ە، نوسەرو وتاربێژ و فەیلەسوفێکی لاتینییە، لە ساڵی (١٠٦پ.ز) لە شاری ئەربینوم لە دایک بووە، لە ساڵی (٤٣پ.ز) مردووە( جورج طرابيشي، ٢٠٠٦م، ص٤٠٩).

٤. (قیبتی(: لە دانیشتوانی ڕەسەنی (میسر)ن، دەستیانگرتووە بە زمانی قەومی خۆیان بە جیاوازی لەهجەکانیشییەوە، بۆیە بەو ناوە ناونراون تا لە ڕەگەزە بیانییەکانی دیکە جیابکرێنەوە( العلايلي وآخرون، ١٤٢١هـ ص٤٣٣).

٥. ( ئیمێل دۆرکهایم - Émile Durkheim ): زانایەکی کۆمەڵناسیی فەڕەنسییە، لە ساڵی ( ١٨٥٨ز) لە دایک بووە، بە بیردۆزەو کتێبەکانی بەشداری کردووە لە داڕشتنی بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسی نوێ، لە گرنگترین کتێبەکانیی ( قواعد المنهج الاجتماعي) کە بیردۆزەکانی لەو کتێبەدا خستوونە ڕوو، لە ساڵی ( ١٩١٧ز) مردووە ( مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، ١٩٩٩م، ج١٠، ص٤٦٠).

٦. ( ماکس ڤیبەر – Max Weber): زانایەکی کۆمەڵناسی ئەڵمانییە، لە ساڵی (١٨٦٤ز) لە دایک بووە، کتێبی ( الأخلاق البروتستنتية في روح الرأسمالية) لە کارە هەرە گرنگەکانییەتی لە ساڵی (١٩٢٠ز) مردووە ( الحنفي، ٢٠١٠م، ج٢، ص١٠٥٢).

٧. (تایلۆر- Tylor): ناوی (ئێدوارد تایلۆر)ە، زانایە لە بواری بنچینەی ڕەچەڵەکی مرۆیی، بەریتانییەو لە ساڵی (١٨٣٢ز) لە شاری ( لەندەن) لە دایک بووە، یەکێک بووە لە پشتیوانانی بیردۆزی گەشەکردن و پەرەسەندن، لە ساڵی (١٩١٧ز) مردووە ( العلايلي وآخرون، ١٤٢١هـ ص١٦٧).

## لیستی سەرچاوەو ژێدەرەکان


- القرآن الكريم.

یەکەم: سەرچاوەکان:

- الأزهري، ابو منصور محمد بن احمد( ٣٧٠هـ/٩٨٠م)، ١٩٧٨م، تهذيب اللغة، تح: عبدالسلام محمد هارون، المطبعة العربية الحديثة، القاهرة.

- الجوهري، اسماعيل بن حماد (٤٠٠هـ/١٠٠٩م)، ٢٠٠٥م، معجم الصحاح، دار المعرفة، بيروت.

- ابن خلدون، ولي الدين عبدالرحمن بن خلدون (ت: ٨٠٨هـ/١٤٠٥م)، ٢٠٠٤م، مقدمة ابن خلدون، تح: عبدالله محمد الدرويش، دار يعرب، دمشق.

- ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر(٦٨١هـ/١٢٨٢م)، وفيات الأعيان في أنباء أبناء الزمان، تح: احسان عباس، دار صادر، بيروت.

- ابن دريد، ابوبكر محمد بن حسن، ١٩٨٧م، جمهرة اللغة، تح: رمزي منير البعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

- الرازي، محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر،( ٦٦٦هـ/١٢٦٨م)، دار الكتاب العربي، بيروت.

- الزمخشري، أبو القاسم جار الله محمود بن عمر بن احمد( ٥٣٨هـ/١١٤٣م)، ١٩٩٨م، أساس البلاغة، تح، محمد باسل عيون السود، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

- الشافعي، محمد بن إدريس (٢٠٤هـ/٨٢٠ز)، ( ١٩٩٦م)، مسند الشافعي، دارالفكر، بيروت.

- الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك(٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، ٢٠٠٠م، الوافي بالوفيات، تح: أحمد الأرناؤوط، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان.

- إبـن فـارس، أبي الحسـن احمـد بـن فـارس بـن زكريـا، ( ٣٩٥ك/١٠٠٤ز)، ١٩٧٩م، معجـم مقاييـس اللغـة، تـح: عبدالسـلام محمـد هـارون، دار الفكـر.

- الفراهيـدي، أبي عبدالرحمـن بـن خليـل بـن أحمـد (١٧٥هــ/٧٩١م)، كتـاب العـين، تح:مهـدي المخزومـي و إبراهيـم السـامرائي، سلسـلة المعاجـم والفهارس.

- الفيومـي، أحمـد بـن محمـد بـن عـلي الفيومـي المقريء(٧٧٠هــ/١٣٦٩م)، ١٩٨٧م، المصبـاح المنـير في غريـب الـشرح الكبـير، تـح، عبدالعظيـم الشـناوي، مكتبـة لبنـان، بـيروت.

- إبن منطور، أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (٧١١هـ/١٣١١م)، لسان العرب، دار صادر، بيروت.

دووەم: ژێدەرەکان:

١-بەزمانی عەرەبی:

- اعلمـي، الشـيخ محمـد حسـين الشـيخ سـليمان، ١٩٦٦م، دائـرة المعـارف المسـمات بمقتبـس الأثـر و مجـدد مـا دثـر، مطبعـة قـم، قـم.

- أنيس، ابراهيم وآخرون، ١٩٩٠م، المعجم الوسيط، دار الامواج، بيروت.

- البعلبكي، منير، البعلبكي، رمزي منير، المورد، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

- بينوش، برتراند، ٢٠١٣م، التباسات الحضارة، تر: هدى مقنص، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

- الجابـري، محمـد عابـد، ١٩٩٤م، العصبيـة والدولـة( معـالم نظريـة خلدونيـة في التأريـخ الإسـلام)، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بـيروت، لبنـان.

- جون، هيرست، ٢٠١٧م، اوربا تأريخ وجيز، تر: محمود محي الدين، دار الشروق، القاهرة، مصر.

- حلاق، حسن، ١٩٩١م، ملامح من تأريخ الحضارات، الدار الجامعية، بيروت.

- الحنفي، عبدالمنعم، ٢٠٠٠م، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- الحنفي، عبدالمنعم، ٢٠١٠م، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- الخطيـب، مصطفـى عبدالكريـم، ١٩٩٦م، معجـم المصطلحـات والالقـاب التأريخيـة، مؤسسـة الرسـالة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، بـيروت.

- خليل، عماد الدين ١٩٨١م، التفسير الاسلامي للتأريخ، دار العلم للملايين، بيروت.

- رالـف، لنتـون، ٢٠١٠م، شـجرة الحضـارة: قصـة الإنسـان منـذ فجـر مـا قبـل التأريـخ حتـى بدايـة العـصر الحديـث، تـر: أحمـد فخـري، المركـز القومـي للترجمـة، القاهـرة.

- رينهارت، دوزي، ١٩٩٦م، تكملة المعاجم العربية، تر: محمد سليم النعيمي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- الـزركلي، خيرالديـن، ٢٠٠٢م، الأعـلام قامـوس تراجـم لأشـهر الرجـال والنسـاء مـن العـرب والمسـتعربين والمسـتشرقين، دار العلـم للملايـين، بـيروت، لبنان.

- زقزوق، محمود حمدي، ٢٠٠٣م، الموسوعة الإسلامية العامة، مطابع أهرام التجارية، قليوب، مصر.

- زكريا، فؤاد، ٢٠١٨م، الإنسان والحضارة، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة.

- سـعيفان، فضـل يونـس خليـل، ٢٠٠٦م، أنـور الجنـدي و موقفـه مـن الفكـر الغـربي الوافـد، رسـالة ماجسـتير، كليـة أصـول الديـن، الجامعـة الإسـلامية، غـزة.

- الشرقاوي، عفت، في فلسفة الحضارة الاسلامية، ١٩٨٥م، دار النهضة العربية، بيروت.

- صالح، حمزة حسن سليمان، ٢٠١٥م، أسس الحضارة في القرآن الكريم وآثارها على الحضارة الإنسانية، مجلة قرآنيكا، ع٧، مركز بحوث القرآن، جامعة ملايا، ماليزيا.

- صليبا، جميل، ١٩٨٢م، المعجم الفلسفي (بالألفاظ العربية والفرنسية والإنجليزية واللاتينية)، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

- ضناوي، محمد علي، ١٩٨٠م، مقدمات في فهم الحضارة الإسلامية، مؤسسة الرسالة، بيروت.

- طرابيشي، جورج، ٢٠٠٦م، معجم الفلاسفة، دار الطليعة، بيروت.

- عارف، نصر محمد، ١٩٩٤م، الحضارة-الثقافة-المدنية دراسة لسيرة المصطلح ودلالة المفهوم، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، عمان.

- عبدالنور، جبوري: ١٩٨٤م، المعجم الأدبي، دار العالم للملايين، بيروت.

- العتيق، عبدالملك عبدالرحمن بن عبدالعزيز، ٢٠٠٤م، مفهوم الحضارة عند مالك بن نبي، بحث تمهيدي لمرحلة الماجستير في الدراسات الإسلامية، كلية الإمام الأوزاعي، بيروت.

- عثمان، محمد فتحي، ١٩٨٥م، القيم الحضارية في رسالة الإسلام، الندوة العالمية للشباب الإسلامي، الإسلام والحضارة ودور شباب المسلم، الندوة العالمية للشباب الإسلامي، الرياض.

- العلايلي وآخرون، ١٤٢١هـ المنجد في الأعلام، دار الفقه للطباعة والنشر.

- عمر، أحمد مختار، ٢٠٠٨م، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، القاهرة.

- فرح، أدبية وآخرون، ٢٠٠٣م، القاموس عربي-إنجليزي، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

- بو فضة هدى، ٢٠٠٨م، دور الدين في بناء الحضارة في فلسفة أرنولد توينبي ( المسيحية أنموذجا)، جزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، جامعة الإخوة منتوري.

- لحسن، بدران، ٢٠٢١م، مفهوم الحضارة: دراسة تحليلية مقارنة عابرة للثقافات، مجلة أنثروبولوجيا، مج٧، ع٢، مركز إبن خلدون، جامعة قطر.

- لعيبي، شاكر، ٢٠١٠م، الفن والحرف الفنية لدى إبن خلدون، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- لوبون، غوستاف: ١٩٦٩م، حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، دار الكتب العربية، بيروت.

- محروس، و آخرون، ٢٠٠٠م، المعجم الكبير، مجمع اللغة العربية، مصر.

- مسعود، جبران، ١٩٩٢م، الرائد معجم لغوي عصري، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

- معلوف، لويس، ١٣٧٩هـ المنجد في اللغة، إنتشارات إسلام، تهران.

- مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، ١٩٩٩م، الموسوعة العربية العالمية، مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع ، الرياض، المملكة العربية السعودية.

- إبن نبي، ١٩٨٦م، شروط النهضة، تر: عمر كاسل مسقاوي و عبدالصبور شاهين، دار الفكر للطباعة والتوزيع والنشر، دمشق، سورية.

- إبن نبي، مالك، ٢٠٠٠م، القضايا الكبرى، دار الفكر، دمشق، سورية.

- إبن نبي، مالك، ٢٠٠٢، التأملات، دار الفكر، دمشق، سورية.

- النعيمي، عامر علي، ٢٠٢٣م، مفهوم الحضارة وعناصر تكوينها(دراسة تحليلية ومقارنة)، مجلة الإحياء، مج٢٣،ع٣٢، جامعة قطر.

- هنتنجتون، صامويل، ١٩٩٩م، صدام الحضارات: إعادة صنع النظام العالمي، تر: طلعت الشايب، مركز روكفلر، نيويورك، أمريكا.

- الواعي، توفيق يوسف، ١٩٨٨م، الحضارة الاسلامية مقارنة بالحضارة الغربية، دار الوفاء، المنصورة.

- وليم، طمسن ورتبات، ١٩٨٤م، قاموس عربي-إنجليزي، مكتبة لبنان، بيروت.

- الونـدة، جابـر عيـد، ٢٠١٨م، عوامـل إسـتقرار وإزدهـار الحضـارة الإسـلامية نظـام الأسرة في الإسـلام نموذجـا، مجلـة العـمارة الفنـون والعلـوم الإنسـانية، مـج٣، ع٩، https://mjaf.journals.ekb.eg/article_٢١٦٨٠.html

- يوسـف، نـاصر، ٢٠١٥م، الحلقـة المفقـودة في معادلـة الحضـارة مـن منظـور التنويـر اليابـاني: إنجـازات العزلـة وتطـورات الإنفتـاح، إسـلامية المعرفـة: مجلـة الفكـر الإسـلامي المعـاصر، س٢١، ع٨٢، المعهـد العالمـي للفكـر الإسـلامي، مركـز معرفـة الإنسـان لألبحـاث والدراسـات والنـشر والتوزيـع، عـمان، الأردن.

٢-بە زمانی کوردی:

- ئەحمەد، پرشنگ حمە ئەمین،٢٠٠٦ز، فەرهەنگی یاد، نشر إحسان، تهران.

- خاڵ، شێخ موحەممەد، ١٩٧٦ز، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

- خـدر، علـی عبدالرحمـن، ٢٠١٥ز، میرنشـینی مەڕوانـی لـە گۆشـەنیگای خوێندنـەوەی شارسـتانی بـۆ مێـژوو ( تیـۆری ئیـبن خەلـدون)، نامـەی ماسـتەر، سـکوڵی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سـلێمانی.

- غریب، کەمال جەلال، ٢٠٠٣ز، کەمالنامە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.

- گەلاڵی، مەلا مەحمود، ٢٠١٠ز، قامووسی ڕستە، دار المعرفة، بیروت.

- مەندەلاوی، محمد محمود، ٢٠١٢ز، مێژوو و شارستانییەتی کورد، و: محمد وەسمان، دار المعرفة.

- موکریانی، گیو، ٢٠٠٥ز، فەرهەنگی نۆبەرە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- ناوخۆش، سەلام، ٢٠٠٨ز، فەرهەنگی دووانەی ئۆکسفۆرد، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

- نیزامەدین، فازیل، ٢٠٠٧ز، فەرهەنگی شیرنی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- هەژار، موکریانی، ، ١٣٨٤هـ هەنبانە بۆرینە، سروشت، تهران.

١- بە زمانی ئینگلیزی:

- Akbarian, Mehdi, and Mazinani, Zohreh, 2018AD, Elements of civilization and relationship civilization with culture, Aijrhass magazines, 18,307, International Association of Scientific Innovation and Research (IASIR), USA.

- Durant, Will, The story of Civilization,1954AD, New York.

- Fadi, K.S. Zatari,2021AD, The Construction of a Theory of Civilization Through the Works of al-M[illegible]ward[illegible], PH.D. thesis, Alliance of Civilizations Institute, Ibn Haldun University, Istanbul.

- Oxford learners Dictionary , 2010AD, Oxford university press , London.

- Philip D, Moorhead,2001AD, Webster Dictionary, New York.

- Richard Swedberg, 2010AD, A Note on Civilizations and Economies, European Journal of Social Theory 13(1): 15–30,Cornell University, NY, USA.

- Sulaiman, Kabuye Uthman, 2016AD, Civilization: History, Description, Common characteristics and Importance, Vol5, https://www.jesoc.com/issue/volume-5-october-2016-issue-1/

- Tylor,Edward B.1891AD,Primitive Culcure,Researches in to the development of Mythology, Philosophy, London.